*Journal of Language Studies*. Vol. 5, No. 2, Winter 2022, Pages (209-233)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The Complementary Literary Criticism Methodology from Theory to Practice: Sherko Bekas's Open Text 'A Girl is my Homeland Now' as an Example

**Dr. Ali Taher hussein** *
**University of Sulaymaniyah / College of Education**
**E.mail: Ali.hussein@univsul.edu.iq**
**---------------------------------------------------**
**Ibrahim Mohamed Ibrahim**
**University of Sulaymaniyah / College of Education**
**E.mail: ibrahim.mohammed@uor.edu.krd**

**Keywords:**

- literary criticism
- method
- complementary approach
-- holistic
-multi various

## Article Info

**Article history:**

**Received: 28-1-2022**

**Accepted: 10-2-2022**

**Available online**

## Abstract

The complementary criticism method is one of the recent literary criticism methods which takes a holistic, multifarious approach to texts. Its primary aim is to reveal the most hidden aspects of literary texts. The method, by making use of the internal and external textual analysis approaches, starts with analyzing the external side of the piece of literary work reaching to the content and internal side of the text and it attempts to connect and adapt the two aspects to each other. It has a holistic approach to the texts and deals with them as a unified whole, as long as it is allowed, the method does not neglect any aspect of the text.

The study which is entitled "The complementary criticism method from theory to practice: Sherko Bekas's Open Text 'A girl is my homeland now' as an example." is an academic endeavor to analyze and interpret the poet's texts in the light of the terms and expressions utilized by complementary method of literary text analysis. This is done through tying the relationships of the external structure of the text to exposition of the inner secrets of it, revealing the bright hidden sides built by the cohesion strategies, via those various

* **Corresponding Author**: Dr. Ali Taher hussein, **E.Mail**: Ali.hussein@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647501932218 , **Affiliation**: University of Sulaymaniyah -Iraq

complementary perspectives the method believes to use in the criticism process.

## (منهج النقد التكاملي من النظرية إلى التطبيق)

## نصٌ مفتوح (الآن فتاةٌ هي وطني) شێرکۆ بێکەس نموذجاً

**د.علي طاهر حسين- جامعة السليمانية- كلية التربية**

**ابراهيم محمد إبراهيم-جامعة السليمانية-كلية التربية**

**الكلمات الدالة:-**

- النقد الأدبي
- منهج
- تكاملي
- شامل
- متعددة الجوانب

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: 28_1_2022

القبول: 10_2_2022

التوفر على النت

**الخلاصة :** إنّ منهج النقد التكاملي هو أحد المناهج النقد الأدبي الجديد الذي يدرس النص الأدبي نظرة متكاملة ، وأنّ الهدف والغرض منه هو الكشف عن الجوانب الخفية للنص الأدبي ، وذلك بالإفادة من المناهج _ النص الظاهر والمظاهر الخفية له _ بحيث يبدأ من النص الظاهر _ الخارجي_ ووصولاً إلى مضمونه الخفية التي لا يدركها الكل إلا بالدراسة والتنظير، ويسعى هذا المنهج ربط الجانبين الظاهر والمحتوى الخفي ، وذلك من خلال دراسة النص من جوانبه المتعددة للكشف عن كل الأسرار الذي يضمه هذا النص ولا ينسى جانباً واحداً منه باعتبار أنّ النص الأدبي وحدة متكاملة . وعنوان هذا البحث هو (منهج النقد التكاملي من النظرية إلى التطبيقية) نصٌ مفتوح (الآن فتاةٌ هي وطني) شێرکۆ بێکەس نموذجاً. وهذه الدراسة جهود علمية لنصوص الشاعر والضوء على المصطلحات التي يهتم بها هذا المنهج وذلك عن طريق ربط العلاقات التركيب الظاهري _الخارجي_ ووصولاً إلى الكشف عن أسرار التي يحتويه النص ومعرفة وجوه الجمال منه، وهذه الوجوه الخفية لا تكشف إلا عن طريق هذا المنهج النقد التكاملي الذي ينظر النص كأنه وحدة متكاملة وشاملة.

**میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیزەکردن
دەقی واڵای (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، بە نموونە.
توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر لە بواری ئەدەبی کوردییدا، بە ناونیشانی (خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس بە پێی میتۆدی تەواوکاری "التكاملي")**

**پ.د. علی طاهر حسین** **ابراهیم محمد ابراهیم**

**زانکۆی سلێمانی/ کولێجی زمان** **زانکۆی ڕاپەڕین/ کولێژی پەروەردە**

**پێشەکی:**

تەواوکاری وەک میتۆدێکی ڕەخنەی نوێ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی بیریار و ڕەخنەگری ئەمریکی (ستانلی هایمن) لەناو گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبییدا دەرکەوت، ئەم میتۆدە هەوڵی کۆکردنەوە و گونجاندنی سەرجەم میتۆدە ڕەخنەییە (دەرەکی و ناوەکی)ییەکان دەدات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دەقی ئەدەبی پێکهاتەیەکی تەواو و بەیەکەوە گرێدراوە بە دابەش بوون ڕازی نابێت، چونکە بە بەستەری یەکێتی بابەت پێکەوەبەستراوە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی ئاشکراکردنی زۆرترین لایەنی دەقی ئەدەبی دەدات، ئەویش بە سوود وەگرتن لە سەرجەم میتۆدە ڕەخنەییەکان، بە ئامانجی ئەوەی پانتاییەکی زۆر لەدەقی ئەدەبی ڕۆشنبکاتەوە، چونکە یەکێک لە گرنگترین جیاوکەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە فراوانخوازە و خۆی نابەستێتەوە بە شتێکی دیاریکراو و سنوردار، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەقی ئەدەبی سروشتێکی ئاڵۆز و بەناویەکداچووی هەیە؛ بۆیە ناکرێت بە میتۆدێکی دیاریکراو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بواری کارکردنی لە لایەنێکی دیاریکراوی دەقدا بەرتەسک دەبێتەوە و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەم میتۆدە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی سەرجەم میتۆدەکانی تر دەدات و دەقی ئەدەبی وەک یەک پاکێجی یەکگرتوو و تەواو توێکاری دەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەگەڕی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لەسەر دەقەکانی دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس) بە ئامانجی تیشک خستنەسەر لایەنە جیاوازەکانی دەقەکە بەپێی چەند چەمکێک، کە ئەم میتۆدە گرنگییان پێدەدات.

ناونیشانی توێژینەوەکە: خۆی لە (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیزرکردن

دەقی واڵای (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، بە نموونە) دەبینێتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی تەواوکاری پەیڕەوکراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا چەمک و زاراوە و پێناسەی میتۆدی تەواوکاری و هەریەک لە تایبەتمەندی و بنەمای هزری میتۆدەکە و ڕووە جیاکەرەوەکانی ڕەخنەگری تەواوکاری و ئەو ڕەخنانەی، کە لەم میتۆدە دەگیرێن خراوەتەڕوو، تەوەرەی دووەمیش تایبەتە بە پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە لەسەر دەقەکانی دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس)، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم:**

چەمک و زاراوە و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي- Integration):

تەواوکاری یەکێکە لەو چەمکە بنەڕەتییانەی، کە لە بواری زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکاندا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت؛ بۆیە زۆرجار لە کاتی پێناسەکردنییدا کێشە و گرفت دروست دەکات، کە ناتوانرێت وەک پێویست چەمک و ڕەهەندەکانی ڕوونبکرێتەوە، هەرچەندە لە فەرهەنگەکاندا بە واتای ئەوپەڕی پێگەیشتووی شتێک دێت؛ بۆیە لێرەوە هەڵدەگرێت لە ڕیشە و بنچینەکانی زاراوەکە بکوڵدرێتەوە و بواری بەکارهێنانی لە زانستە جیاوازەکاندا بخرێتەڕوو، لەم ڕوانگەیەوە (هێربێرت سبنسەر)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی یەکەمین کەس بوو، واتا و گوزارشتەکانی ئەم چەمکەی دیاریکردووە، بە جۆرێک لای ئەو تەواوکاری(integration) بریتیین لە: (گواستنەوەی شتێک لە دۆخێکی تەمومژاوییەوە کە ناتوانرێت درکی پێبکرێت، بۆ دۆخێکی چڕکردنەوە کە دەتوانرێت درکی پێ بکرێت، واتە لە دۆخێکی نادیارەوە بۆ دۆخێکی ڕوون و ئاشکرا) (صليبا، ١٩٨٢: ٣٣٢). هەروەها تەواوکاری لە زماندا ((بە واتای بەشداریکردن لە تەواوکردنی شتێکدا دێت)) (حينوني، ٢٠١٤: ١٧٣)، کە پێچەوانەکەشی بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و لێک جیاکردنەوە.

وشەی تەواوکاری بە شێوەی خوازە بۆ پێکەوەبەستنی بەشەکانی بوونەوەرێکی زیندوو بەکاردەهێنرێت، یاخود پێکەوەبەستنی بەشەکانی کۆمەڵگا لە لایەنێکی دیاریکراودا، کە هەریەکەیان پێویستی بەوەی دیکە هەیە (صليبا، ١٩٨٢: ٣٣٢)، هەروەها توێژەرێک پێیوایە وەک چەمک و زاراوە تەواوکاری (بریتییە لە ڕەخساندنی پەیوەندی و گونجانی نێوان دوولایەن، یان زیاتر بە جۆرێک هیچیان ئەوەیتر ڕەتنەکاتەوە، یان هیچ کامیان ڕێگر نەبێت لەوەی سوود لەوی دیکە وەربگرێت) (البصري، ١٩٧٠: ٥٢)، واتە ئەم چەمکە لەسەر بنەمای سازان زەمینەیەکی لەبار بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان دوو شت یان زیاتر دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی سوود لە یەکتری وەربگرن، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان ئەوەی تر ڕەتبکاتەوە. وەک ئاماژەی بۆ کرا بواری بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە ناو زانستە جیاوازەکاندا بەربڵاوە؛ بۆیە لێرەدا بە پێوست دەزانرێت، لە ڕوانگەی هەندێک زانستەوە تیشکی بخرێتەسەر، بۆ نموونە لە بواری زانستی فیسیۆلۆجییشدا تەواوکاری ((چەمکێکی باوە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەی فیسیۆلۆجییدا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە دیاردەی پێکەوەبەستن لە نێوان کارە جیاوازەکاندا بۆ بەدیهێنانی یەکێتییەکی ئۆرگانی)) (رزوق، ١٩٨٧: ٨٣)، بەو واتایەی کردە جیاوازەکان لەناو خۆیاندا یەکدەگرن، بە ئامانجی دروستکردنی یەکەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو.

لە زانستی بیرکاریشدا ((تەواوکاری (calcul integral) بەشێکە لە بەشەکانی بیرکاری باڵا، کە ئەرکی بریتییە لە دۆزینەوەی تەواوکاری شوێنکەوتووەکان "فەنکشن"، واتە دیاریکردنی شوێنکەوتەی نوێ کە ئەگەری هەیە شوێنکەوتەکانی سەرەتا لەو وەرگیرابن)) (صليبا، ١٩٨٢: ٣٣٢)، هەرچەندە توێژەرێک پێیوایە تەواوکاری لە فەرهەنگە عەرەبیەکاندا بە واتای شتێکی کامڵ و پێگەیشتوو دێت، ئەمەش ئەو شتە نییە، کە ئێمە لە زاراوەی تەواوکاریدا دەبینین و هیچ پەیوەندییەکی بەو زاراوەیەوە نییە، کە لەلایەن زانایانی بیرکارییەوە بۆ ژمێرەیەکی تایبەت لە پێوانەکردنی ڕووبەری ناوچەکانی نێوان چەماوەکان بەکاردەهێنرێت (البصري، ١٩٧٠: ٥٢)، بەم پێیە چەمکی ئەو زاراوەیەی لە بواری بیرکارییدا بەکاردەهێنرێت، واتا و چەمکەکەی لەو زاراوەیە جیاوازە، کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی و ئەدەب و توێژینەوەی ڕەخنەیی بە تایبەتی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. لە زانستی سیاسییدا ئەم چەمکە (بریتییە لە دۆخێکی یەکانگیر، کە لە ڕووی سیاسییەوە دەست بە سەر کۆمەڵگەدا دەگرێت، کە لە تەبەقەیەکی بەرزی کارلێکی سیاسی ئاڵوگۆڕکراودا، لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگاکەدا

دەردەکەوێت، لە ئاکامی ڕازی بوون نەک زۆرداری( (النورەجي، ١٩٩٠: ٩٦-٩٧)، مەبەست لێی ئەوەیە، کە ئەندامانی کۆمەڵگایەک بەرەیەکی هاوپەیمانی لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتنێکی هاوبەش دروستدەکەن، لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی کۆمەڵگە دەگرنە دەست، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و دیموکراسی، نەک بە شێوازی زۆرەملێی و خۆسەپێنی.

ئەم چەمکە لە زانستی دەروونزانیشدا ((بە مانای وەک یەکبوون یان بەرامبەربوونی ئاراستە هەستییەکانی کەسێک، یان یەکگرتنیان دێت، یاخود بە مانای هەرەوەزی بەشەکان لە پێناو پاراستنی گشتدا دێت)) (رزوق، ١٩٨٧: ٨٤)، نەخاسمە چەمکی تەواوکاری لە دووتوێی ئەم زانستە دا پانتاییەکی باشی داگیرکردووە و لە زۆر بواردا بەکاردێت، کە ئەمەش بۆتە هەوێنی لە دایک بوونی قوتابخانەیەکی نوێی دەروونزانی لە ساڵی (١٩٤٠)دا، بەناوی قوتابخانەی دەروونزانی تەواوکاری (مدرسة علم النفس التكاملي) ، ئەم قوتابخانەیە هەوڵی گونجاندنی دوو میتۆدیدا پێکەوە، ئەوانیش میتۆدی پێکهاتەیی و تۆڕی (الشبكي)بوون، میتۆدی یەکەم (پێکهاتەیی) هەوڵدەدات پەیوەندی لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا گرێبدات، دووەمیشیان میتۆدی تۆڕی(الشبكي) مامەڵە لەگەڵ باروذۆخی ئێستا وەک ئەزموونێکی سۆزداری دەکات (علم النفس التكاملي- المعرفة https://www.marefa.org ، پاشان بە شێوەیەکی گشتی زانستی دەروونزانی بە سوود وەرگرتن لەم چەمکە لە توێژینەوەکانی لەسەر ڕەفتار و دەروونی تاک وەرچەرخانێکی باشی بەخۆیەوە بینیووە، توانیویەتی لەم بوارەدا هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بنێت، لەم ڕێگەیەوە ئەم چەمکە پەڕیەوە بۆ ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی وەک میتۆدێکی ڕەخنەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کەواتە دەکرێت بگوترێت چەمکی تەواوکاری لە زۆربەی زانستەکاندا بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە، هەرچەندە مانا و دەلالەت و ئەرکەکانی بە گوێرەی سروشتی زانستەکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەڵام دەکرێت هەمان واتا و دەلالەت بگەیێنێت، کە بریتییە لە کۆکردنەوە و گونجان و ئاوێتەکردنی کۆمەڵێک ڕەگەز و پێوەر و بەها و میتۆدی جیاواز لە چوارچێوەی میتۆدێکی تەواو و یەکگرتوودا، بە شێوەیەک هەموو ئەو ڕەگەز و دیدگا جیاوازانە یەکدەگرن و لە یەکتر جیاناکرێنەوە، کە لە بواری توێژینەوەی زانستییدا بە میتۆدی تەواوکاری ناسراوە.

لە ڕووی زاراوەییشەوە تەواوکاری بە پێی سروشتی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکان زاراوەی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزییدا زاراوەی (integration) بەکاردەهێنرێت، کە بە واتای ((تێکەڵکردنی دووشت یان زیاتر دێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر پێکەوە کار بکەن)) (Longman، 2014)، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (التكاملي) یان (المتكامل) بەکاردەهێنرێت (Farah et al.، 2004: 409) کە زیاتر بە مانای شتێک یان سیستەمێکی تەواو و کامڵ و بێ کەموکورتی دێت، سەبارەت بەم زاراوەیە لە زمانی کوردییدا، دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر بەناو فەرهەنگە کوردییەکاندا، نەمانتوانی زاراوەیەکی تەواو و پڕ بە پێستی ئەم زاراوەیە بدۆزینەوە، تاکو بزانین لە بەرامبەر زاراوەی (التكاملي)ی عەرەبی و (integration)ی ئینگلیزیدا چی بەکارهاتووە، هەرچەندە توێژەرێک بەرامبەر بەم زاراوەیە هەریەک لە زاراوەکانی (ڕەخسکان، ڕەخسین، ڕەسین) بەکارهێناوە (محەمەد، ٢٠١٦: ٤١٠)، بەڵام پێمانوایە ئەم زاراوانە واتا و دەلالەتی تەواوی زاراوەی (التكاملي) عەرەبی ناگەیەنن، هەروەها توێژەرێکی دیکە بەرامبەر بەم زاراوەیە، زاراوەی (تەواوکاری) بەکارهێناوە، چونکە پێیوایە تاکە زاراوەیە، کە لە چەمک و واتای زاراوەی (تکاملي) عەرەبییەوە نزیکە (قادر، ٢٠٠٩: ٤١)، لە سەچاوەیەکی تردا بە هەمان شێوە زاراوەی (تەواوکاری) بەرامبەر بە زاراوە عەرەبییەکە بەکارهاتووە (ڕەشید، ٢٠١٨: ١٧)؛ بۆیە ئێمە لێرەدا لەگەڵ بیروبۆچوونی هەردوو توێژەر داین، کە (تەواوکاری)یان بەرامبەر زاراوەی (التكاملي)عەرەبی بەکارهێناوە، چونکە پێمانوایە لە زمانی کوردییدا گونجاوترین زاراوەیە و تاڕادەیەکی زۆر واتاکەی بەدەستەوە دەدات، کە بریتییە لە شتێک یان

سیستەمێکی تەواو و بێ کەموکورتی، کە کارە لە پێشینەکانی دیکە تەواو دەکات، یاخود بە واتای کــۆکردنەوەی کۆمەڵێــک ڕەگەز و لایەن دێــت، کە ئەو ڕەگەز و لایەنــانە لە چوارچێــوەی سیستەمێکدا یەکتری تەواو دەکەن؛ بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە ئەم زاراوەیە وەک ناونانی میتۆدێکی ڕەخنەیی بەکار هێنراوە. لە ڕووی زمانەوانییەوە زاراوەکە فۆرمێکی لێکدراوی هەیە، بەو پێیەی لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە، هەروەک بەشی یەکەم وشەکە (تەواو)ە ئاوەڵناوە، بە واتای شتێک دێت، کە بێ کەموکورتی بێت (ڕوحانی، ١٣٩٧: ٦٩٢)، بەشی دووەمییش وشەی (کار)ە ناوە، کە بەواتای (ئیش، پیشە، فرمان...) دێت (ڕوحانی، ١٣٩٧: ٢٠٤٧)، بەشی سێیەمی وشەکەش پاشگری (ی)یە، کە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژە، هەموویان بەسەر یەکەوە وشەیەکی نوێیان بە واتایەکی نوێوە دروستکردووە، کە وشەی (تەواوکاری)یە، کە بەواتای شتێک، یاخود کارێکی تەواو و بێ کەم و کورتی دێت.

لە بابەت پێناسەی ئەم میتۆدە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت، کە لەلایەن ڕەخنەگر و تــوێژەرانەوە بــۆی کــراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشــتی دیــد و پەیــامی پێناســەکان تاڕادەیەک لە یەکەوە نزیکە، بۆ نموونە دەکرێت ئەم میتۆدە بەم شێوەیە پێناسە بکرێت، ڕەوتێکی تێکەڵە بەوەی، پابەندی هیچ قوتابخانەیەکی دیاریکراو نابێت، بەڵکو لە هەموو قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی شتێک وەردەگرێت، ئەم جۆرە ڕەخنەیە وا سەیری دەقی ئەدەبی دەکات، کە یەکەیەکە لەناو خودی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەنا بۆ ژیانی نووسەریش دەبــات، بــۆ ئەوەی تیشــک بخاتەســەر دەقەکە (عبدالله، ١٩٨٦: ٨)، هەروەهــا توێژەرێــک بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت: )ئەم میتۆدە لە هەموو میتۆدەکانی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی شت وەردەگرێت، بۆئەوەی بڕیارێکی تەواو و یەکلایکەرەوە لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەر کاری ئەدەبی بدات( (عتیق، ١٩٧٢: ٣٠٨)، چونکە پێکەوەی میتۆدەکان پاڵپشتیەکی هاوبەش دەبێت بۆ ئەم بڕیارە و پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی لە تــوێژینەوەی دەقــی ئەدەبییدا دروست دەبێت، بەم شێوەیە ئەم بوارە دەدرەوشێتەوە و کاری تەواوکاری دێتەدی.

لە ســەرچاوەیەکی دیــکەدا بەم شــێوەیە ناســێنراوە، دەڵێــت: ڕەنــگە ئەم میتــۆدە بەر هــیچ پێناسەیەکی هونەری ڕوون و ئاشکرا نەکەوێت، وەک ئەوەی نە ڕەخنەیەکی مێژووی پاک و بــێگەردە، نە ڕەخنەیەکــی ڕەوانبێــژی ڕوونە، وە نە ڕەخنەیەکــی دەروونــی سنوورداریشــە، هەروەها خۆی بە هیچ سنوورێکی دیاریکراو نابەستێتەوە، لەم میتۆدەدا دەقی ئەدەبی، وەک هەر ئەزموونێکی مرۆڤ شیکاری بۆ بکرێت، لە هەمان کاتدا ڕاشکاوانە ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرانە دەبێتەوە، کە جۆری کاری ئەدەبی بە گوێرەی ئامادەیی نووسەر و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیەکەی دروستی دەکات (زکی، ١٩٧٢: ٨٧)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پێناسەکردنی ئەم میتۆدە، وەک میتۆدەکانی دیکە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ناکەوێتە ناو چوارچێوەی هیچ پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکراوە و سنورێکی دیاریکراویشی نییە، بە جۆرێک هەموو میتۆدە ڕەخنەییەکان دەخــاتە ژێــر ڕکێفــی خــۆییەوە، لەم ڕێــگەیەوە خــزمەت بە دەقــی ئەدەبــی دەکــات و ســەرجەم لایەنەکانی دەخاتە بەر نەشتەری توێژینەوە. لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی بۆ میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری خرانەڕوو، دەکرێت بگوترێت، کە میتۆدێکی تێکەڵ و فرە ڕەهەندە، پابەندی هیچ میتۆدێکی دیاریکراو نابێت، بەڵکو سوود لە هەموو میتۆدە ڕەخنەییە جیاوازەکان وەردەگرێت و لە بەرژەوەنــدی خــۆی بەکاریــان دەهێنێــت، بە پێــی سروشــتی ئەو دەقەی، کە شــیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، ئامانجی ئەوەیە دەقە ئەدەبییەکە لە هەموو گۆشەیەکەوە ڕۆشنبکاتەوە، هــیچ لایەنێکــی فەرامــۆش نەکــات، لەم ڕووەوە دەقــی ئەدەبــی وەک یەکەیەکــی تەواو و پــێکەوە بەستراو سەیر دەکات و هیچ لایەن و ڕەگەزێکی لە یەکتری دانابڕێت.

## تایبەتمەندییەکانی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملي):

هەر میتۆدێک هەڵگری کۆمەڵێک سیما و تایبەتمەندی جیاکەرەوەیە، کە بۆتە ناسنامەی ئەو میتۆدە لەم نێوەندەشدا تەواوکاری هەڵگری کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندییە، کە بریتیین لە:

((١- میتۆدی تەواوکاری بەو شێوەیە سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکان ناکات، کە بەشێک بن لە بەرهەمی ژینگەی گشتی بە پلەی یەکەم، بەڵکو بەو چاوە سەیری دەکات، کە دەردراوی هزر و ڕۆشنبیری نووسەرە، نووسەریش بە زۆری لە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیە دایە، کە تێیدا دەژیت، بەهای نووسەر کاتێک بەرزدەبێتەوە، کە توانی گوزارشت لە ئارەزووە مرۆییەکان بکات، کە تەنها بە ژینگەیەک پەیوەست نییە، بەڵکو پەیوەستە بە تەواوی ڕەگەزی مرۆڤایەتییەوە.

٢- بەها هەستی و دەربڕینییەکان لە بەرهەمی ئەدەبیدا پشتگوێ ناخات، بەڵکو بە هەند وەریان دەگرێت، لە ڕووی چاکی و خراپییەوە هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی ئەدەبی دەکات، ئاستی بابەتە ئەدەبییەکان دیاری دەکات، بە پێوەرەکانی خۆی کە پێوەری هونەری باشن دەیانپێوێت.

٣- وا سەیری بەرهەمی ئەدەبی ناکات، کە نهێنی هۆکارە دەروونییە دیاریکراوەکان بێت، بەڵکو وای دەبینێت دەقی ئەدەبی بە گشتی بەرهەمی دەروونی مرۆڤایەتییە بە هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە و لە دەروونییدا دروستیکردووە)) (القرني، ١٤٣٥-١٤٣٦: ٤٩-٥٠).

٤- ئەم میتۆدە هەرچەندە سەر و کاری سەرەکی لەگەڵ دەقی ئەدەبییدایە، بەڵام لایەنەکانی دیکەی دەقی ئەدەبیش فەرامۆش ناکات، کە بەشدارییان لە کارە ئەدەبییەکەدا کردووە و کاریگەرییان لەسەر دەقەکە هەیە، بۆ نموونە پەیوەندی کاری ئەدەبی لەگەڵ نووسەر، هەروەها کاریگەری ژینگە و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی...، لەسەر کاری ئەدەبی ڕووندەکاتەوە، بۆ ئەمەش لەکاتی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییدا سوود لە هەموو لایەنە باشەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان وەردەگرێت و کۆیان دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە لە لایەنە خراپەکانییان دووردەکەوێتەوە.

٥- تەواوکاری وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئاراستەی تاکڕەوی لە ڕەخنەی ئەدەبییدا دەرکەوت، جا ئەم تاکڕەوییە مێژوویی بێت یان دەروونی، یاخود کۆمەڵایەتی... .

٦- ئەم میتۆدە ڕەخنەگر هاندەدات، بە زۆرترین زانیاری و مەعریفە خۆی پڕ چەک بکات، تا بتوانێت بە ئەندازەی پێویست گشتگیر بێت، هەروەها وەفادار بێت بۆ سروشتی دەقە ئەدەبییەکان، چونکە دەقی ئەدەبی شوێنی بەیەکگەیشتنی چەندین زانست و زانیاری جیاوازە (عامر، ٢٠١٧: ٦٠).

## پێوەر و بنەما هزرییەکانی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي):

لە بارەی بنەما هزرییەکانی ئەم میتۆدە ڕەخنەگری سووریی (نعیم الیافي) پێیوایە چەند کلیلێک هەیە، کە بوونەتە بنەما و پێوەری سەرەکی ڕەخنەی تەواوکاری لە میانەی پرۆسەی خستنەڕووی تێڕوانین و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا ئەم پێوەرانە یەکتری تەواودەکەن، کە بریتیین لە:

١- فەرهەنگی (الموسوعي): مەبەست لێی خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی و دیاردەیەکە، لەسەر چەند بنەمایەکی جوڵاو، کە بگونجێت لەگەڵ شتە ڕێژەیی و نەگۆڕەکان و دەرەکی و ناوەکییەکان و جوڵاو و نەجوڵاوەکان و خودی و بابەتییەکان، ئەمە دیمەنی هەرە داهێنەرانەی میتۆدی تەواوکاری دەردەخات، کە ڕەخنەگر چەندە قووڵە و بۆچوونە زانستییەکانی بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە کار بۆ ئاشکراکردنی ئاسۆی هونەری دەقەکە دەکات.

٢- کراوەیی (الانفتاح): مەست لێی ڕاهێنانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرە، لەسەر ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە داهێنانی کەسانی بەرامبەری لا ئاسایی بێت و دووربکەوێتەوە لە خۆپەرستی و بە خۆنازین، چونکە گەردوون هەر ئەوی تێدا نییە، بەڵکو پێکەوە ئەو و کەسانی دیکەشی تێدایە، کراوەیی بە گشتی لێرەدا دوو مانا دەبەخشێت: یەکەمیان بەو مانەیەی، کە دەقە ئەدەبییەکە قبوڵی بکات، بکەوێتە بەر ڕەخنە، دووەمیان ئەوەیە، کە کەسی ڕەخنەگر لە بەکارهێنانی سەرجەم

ئامراز و تەکنیکە ڕەخنەگرییەکان کراوە بێت، چەمکی کراوەییش تەواوکاری چەمکی پشووترە (فەرهەنگی).
٣- هەڵبژاردنگەرایی (الانتقائیة): ئەمەیان لە فەرهەنگی هۆشیاری ڕەخنەگرەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها مەبەست لێی دەوڵەمەندی ڕەخنەگرە، لە ڕووی زمان و ڕەخنەگرتن لە شێوازی زمانی گوتاری ڕەخنەگرانەکەیدا.
٤- لێکدراو (الترکیب): کۆمەڵێک ڕەگەزن، کە لەسەر پلانێکی دیاریکراو گوڵبژێرکراون، (نعیم الیافي) پێیوایە ئەم کلیلە (الترکیب) سێگۆشە لە یەکتری جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندییەکەی دیاری دەکات، چونکە یەکێک لە ڕەگەزە جەوهەرییەکانی میتۆدی تەواوکاری، بریتییە لە: ڕەگەزە بژاردەکراوەکان و شێوازی دارشتن و ئامانجی ڕەگەزە بژاردەکراوەکان و شێوازی پێکەوە بەستنەوەیان.
٥- دەقی داهێنەرانە (النص الابداعي): ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بێتە ئاراوە، کە لەمەوە دەست پێدەکات، تا بە ئامانجی داهێنەرانەدا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش دەبێتە هاندەری سەرەکی بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی تایبەتمەند (الیافي، ١٩٩٧: ١٧-١٩).

## تایبەتمەندی و ڕووە جیاکەرەوەکانی ڕەخنەگری تەواوکاری(التکاملي):

ئامانجی "ستانلی هایمن" لە دانانی میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێدا، جگە لە شیکردنەوەی کاری ئەدەبی بە گشتی و بەرهەمە بە پێزە ئەدەبییەکان بە تایبەتی، بریتیی بوو (لە فراوانکردنی ئاسۆی ڕۆشنبیری کەسی ڕەخنەگر، ئەمەش لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی دەقی ئەدەبی و ئەو کەناڵانەی، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەقەکە هەبووە، هەروەها ئەو فاکتەرانەی پشتیان پێدەبەسترێت لە بونیادنانی دەقەکاندا) (معن، ٢٠٠٥: ٦٨)؛ بۆیە پێویستە ڕەخنەگری تەواوکاری هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بێت، لەوانە:
(١- گرنگیدان بە لایەنی دەروونی نووسەر و خوێنەر و شیکردنەوەیەکی دەروونی بۆ دەقەکە بکات.
٢- گرنگیدان بە مێژوو و سەربوردەی ژیانی نووسەری دەق لە کاتی منداڵیەوە، تاکو مردن، ئەمە جگە لە مێژوو و سەردەمی لە دایکبوونی خودی دەقە ئەدەبییەکە، واتە هۆکار و بۆنەی نووسینی دەقەکە و ئەو کات و شوێنەی تێدا بەرهەمهاتووە.
٣- پێویستە شارەزایی ئەوەی هەبێت، کە لایەنی ناوەوەی دەقەکان چۆن شیکاریان بۆ دەکرێت، وەکو "وێنەی شیعری، مانا، ئامرازەکانی دارشتن و بنیادنان، ڕەمز، هونەکانی ڕەوانبێژی..." کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە شێوازی دەقەکەی پێ ئاشکرا بکرێت.
٤- لە خودی دەقەکە تێبگات و لە چەند گۆشەنیگایەکەوە لێی بڕوانێت، بەبێ زاڵکردنی میتۆدێک بەسەر ئەوانی تردا، یان ئاستێک بەسەر ئاستێکی دیکەدا، بۆ نموونە ئاستی "دەروونی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی،..." و پێکهێنەرە ناوەکییەکانی دەقەکەش.
٥- ڕەخنەگری تەواوکاری پێویستە فۆرم و ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی تێپەڕێنێت و زیاتر تیشک بخاتەسەر ئەو پەیوەندییانەی ڕەگەزەکانی دەق پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی دەقە ئەدەبییەکە بە نووسەرەکەی و ژینگەی خوێنەر "وەرگر"ی دەقەکە دەبەستێتەوە.
٦- پێویستە وەڵامدەرەوەی ئەو کاریگەرییانە بێت، کە دەقی ئەدەبی لەسەر دەروونی دروستیکردووە، پاشان بیکات بە دەستپێکێک بۆ توێژینەوەی دەقەکە و ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەری) (کرم، ٢٠١٧: ٤٠- ٤١).
٧- پێویستە ڕەخنەگر لە بڕیارداندا دەمارگیر نەبێت، پابەندی پرانسیپی بابەتیبوون و بێلایەنی بێت.
٨- پێویستە ڕەخنەگر بە هەموو کولتوور و زانستێکەوە تەیار کرابێت، بەشێوەیەکی گشتگیرانە لە لایەنەکانی دەقەکە تێبگات، ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە خاوەنی نەرمییەکی هزری بێت و

توانای زاڵبوونی بەسەر کۆسپەکاندا هەبێت، کراوەبێت و هەستێکی کارا بە ڕەخنە ببەخشێت، چونکە ((تا گۆشەکانی بینین گەورەتر بن، تێگەیشتنی ئێمە بۆ جەستەی دەق گەورەتر دەبێت)) (شکری، ١٩٩٤ :٨٢).

٩- گرنگیدان بە لایەنی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگری تەواوکاری لە باری کۆمەڵایەتی و ئەو کۆمەڵگایەی، کە نووسەرەکەی تێیدا ژیاوە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت نووسەرەکە سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە و سروشتی ئەو کۆمەڵگایەش چۆنە و چ کاریگەرییەکی لەسەر خودی نووسەر و بەرهەمەکانی هەیە، هەروەها لە ڕادەی پەیوەستبوونی نووسەرەکە بە کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی ڕادەی سەرکەوتنی نووسەرەکە لە گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانییدا و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان دڵنیا بێت (قادر، ٢٠٠٩: ٤٥).

## ڕەخنەگرتن لە میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملي):

ئەم میتۆدە هەرچەندە بۆ پڕکردنەوە و داپۆشینی کەم وکورتی میتۆدە ڕەخنەییەکانی دیکە سەرهەڵدا و هاتەکایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕەخنە و کەم وکورتی بەدەر نییە، چونکە هیچ شتێکی کامڵ و تەواو، کە لەسەر بنەمای هزری مرۆڤ لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بنیادنرابێت بوونی نییە؛ بۆیە چەند ڕەخنەیەک لەم میتۆدە دەگیرێن، کە بریتیین لە:

١- ئەم میتۆدە کار لەسەر توانەوەی پسپۆڕییەکان لەناو ئەرکە ڕەخنەیەکاندا دەکات و تایبەتمەندی گشتگیری بەسەریدا زاڵە، ئەمەش وایکردووە بڕیارەکانی بۆ دەقە ئەدەبییەکان تاڕادەیەک ڕووکەشی و سەرپێیانە بن (معن، ٢٠٠٥: ٧٠).

٢- لەم میتۆدە دا ڕەخنەگر ناتوانێت پەیی بە هەموو گۆشەکانی دەقە ئەدەبییەکە بەرێت، بە مانایەکی تر فریای هەموو لایەنەکان ناکەوێت و ناتوانێت مافی تەواوەتییان پێبدات، ئەم بابەتە خودی "ستانلی هایمن" کە دانەری میتۆدەکە دانی پێدا دەنێت و دەڵێت: (باشترین ڕەخنەگرەکانمان تا ئەم ساتە نەیانتوانیوە کەلێنێک، یاخود بۆشاییەکی کاتی و شوێنی بدۆزنەوە، کە پێیدا بتوانن بە ئارەزووی خۆیان بەناو دەقەکاندا قووڵ ببنەوە، چونکە ئاستی زانست و زانیارییان هەرچەندێک بێت بەو ڕادەیە نابێت، کە بتوانن ئەوەی مەبەستیانە بەدی بهێنن (...)، ئەم کارە نەک هەر قورسە بگرە ئەستەمیشە، چونکە زانستە جیاوازەکان بەردەوام لە گەشەدان؛ بۆیە توێژینەوە لە بوارێکی دیاریکراوی زانستەکاندا تەمەنێکی دەوێت، ئەگەر بمانەوێت بۆ خزمەتی ڕەخنەی ئەدەبی بەکاری بهێنین، ئەمەش وادەکات، کە ڕەخنەگر کاتێکی زۆر کەمی لەبەر دەستدا بێت تا لە خودی ئەدەب تێبگات) (هایمن: ٢٥٥).

٣- سەرەکیترین ڕەخنە کە لە میتۆدی تەواوکاری دەگیرێت ئەوەیە، هەر ڕەخنەگرێک لە پرۆسەی ڕەخنەییدا لەسەر ئەو لایەنانەی دەق دەوەستێت، کە شارەزایی لە بارەوەیانەوە هەیە؛ بۆیە زەحمەتە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکات، کە شارەزایی لە بارەیانەوە نەبێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانرێت کۆی لایەنەکانی دەقی ئەدەبی بە یەکسانی کاری لەسەر بکرێت؛ بۆیە تەنها لە باسکردنی چەند سنور و پەراوێزێکدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەقەکەیان پاوانکردووە، قووڵنابێتەوە بۆ ناو تەواوی ڕەگەز و پێکهاتەکانی دەقەکە (ملاک، ٢٠١٤: ١).

## تەوەرەی دووەم: پراکتیزەکردن

خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی میتۆدی تەواوکارییەوە خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندە، کە تێیدا توێژەر بە شێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن شرۆڤەی دەقە ئەدەبییەکان دەکات، لە دوو گۆشەنیگاوە لە کاری ئەدەبی دەڕوانێت، ئەوانیش: توێژینەوەیە لە (دەرەوە و ناوەوە)ی دەقی ئەدەبی، واتە بۆ ئاشکراکردنی ئەم دوو لایەنە کار دەکات، جا ئێمەش لێرەدا هەروا دەکەین، هەر لە لایەنی دەرەکی بگرە تا قووڵایی ناوەرۆکەکەی بەپێی ئەو تایبەتمەندی و جیاوکانەی، کە میتۆدی تەواوکاری پشتی پێدەبەستێت و لەسەری چێ کراوە، هەوڵی دەرخستنی لایەنە جوان و

شاراوەکانی دەقەکەی (شێرکۆ) دەدەین ((لەبەرئەوەی شێرکۆ بێکەس لە بەرهەمەکانییدا خۆی لە بابەتی جۆراوجۆر داوە؛ بۆیە توێژینەوەلێیان بە میتۆدی تەواوکاری گونجاوترە، کە زیاد لە میتۆدێک بەکاردەهێنێت)) (قەرەداغی، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن)، لەم ڕوانگەیەوە بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی میتۆدە ڕەخنەییە (دەرەکی و ناوەکی)یەکان شیکردنەوە و توێکاری دەقەکە دەست پێدەکەین. پێش ئەوەی بچینە ناو جیهانی دەق و پێکهاتە گشتییەکەی پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر ناونیشانی دەقەکە بکەین، چونکە یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی دەقی ئەدەبی و کاریگەری و ڕۆشنایی بەسەر دەقەوە هەیە، وەک کلیلی دەق سەیری دەکرێت، دیوی دەرەوە و ناوەوەی دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یاخود دەگوترێت ((پرۆسەیەکی پەیوەندییە و دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق)) (ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢٨٣)، کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە پێدەنێتە ناو تخوبەکانی دەقی ئەدەبی، هەروەها ناونیشان ملکەچی شوێن و هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەتی و یەکەم پێکهاتەیە، کە بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت؛ بۆیە لە ڕوانگەی ئەم گرنگەیەی هەیەتی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بایەخی زۆری پێدراوە، بەردەوام وەک یەکێک لە بونیادە دیارەکانی دەقی ئەدەبی لای لێکراوەتەوە.

وەک دەبینین ناونیشانی ئەم دیوانەی (شێرکۆ بێکەس) کلیلی دەقەکە پێکدێنێت، وەک تارماییەک لەسەراپای دەقەکەدا بەدی دەکرێت، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ناوەڕۆکی دەقەکە دیالۆگ لەگەڵ ناونیشان دەکات و تەواو تەبایە لەگەڵیدا و لە چوارچێوەی ئەو پرسەدا دەسووڕێتەوە، کە شاعیر لە ناونیشانی دەقەکەوە وروژاندوویەتی، (ئێستا کچێک نیشتمانمە) ناونیشانێکی تازە و سەرنجراکێشە و زوو خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، شاعیر بە بەکارهێنانی سێ وشە توانیویەتی پنتێکی دەلالی لای خوێنەر بوروژێنێت، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵی لە بەریەککەتن دایە لە ڕێگەی دیالۆگەوە ڕستەیەکی هەواڵی پێدەگەیەنێت و جەخت لەسەر هەریەک لە وشەکانی ناو ڕستەکە دەکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- بەهۆی کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر خودی شاعیر و هاوشێوەکانی.
٢- کاریگەری لەسەر تەواوی دەقەکە.
٣- کاریگەری لەسەر خوێنەر و وەرگر و ڕای گشتی کوردستان بە گشتی.

وەک ئاماژەی پێدرا ناونیشانەکە ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام لای شاعیر دواندنی شتێکە (نیشتمان) کە دوورە لێی لە ڕواڵەتدا، بەڵام نزیکە لە دڵ و دەروونییدا، چونکە (شێرکۆ) هەموو ژیان و ئەزموونی شیعری خۆی بۆ نیشتیمان تەرخانکردبوو، وەک مەعشوقێکی ئەبەدی لە جیهانی شیعر شاعیردا دەرکەوتووە، هەروەک (بەختیار علی) دەڵێت: ((شێرکۆ بێکەس لە یادەوەری ئێمەدا وەک شاعیریی نیشتیمان ناسراوە، بەوە مانایەی نیشتیمان بابەتی سەرەکی و وشەی سەرەکی ئەزموونی ژیان و شیعری شێرکۆیە)) (بێکەس، ٢٠١١: ٢٩٠)؛ بۆیە ئاسان نییە دەستبەرداربوون لێی، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ دیوانەکەی کۆی ئەزموونی خۆی لای خوێنەر دەخاتە ژێر پرسیاری قووڵەوە لەوانە: ئایا چی وای لە شاعیر کردووە، بەم جۆرە واز لە مەعشوقەکەی بێنێت و پشتی تێبکات؟ بۆچی شاعیر کچێکی بە نیشتیمانی خۆی هەڵبژاردووە؟ ئایا ئەم کچە لەبری نیشتیمان چی پێدەبەخشێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لە هزری خوێنەردا گەڵاڵە دەبن، هەروەک (زاهیر لەتیف و نیان نەوشیروان) لەم بارەیەوە دەڵێن: ((ئەمە لەلایەکەوە کارێکی ناسروشتییە بەو پێیەی بەردی بناغەی شیعرییەتی بریتی بووە لە نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕی بۆ خاک و نەتەوە. لەلایەکی تریشەوە گۆڕانکارییە لە پرۆسە و ڕێچەکە شیعرییەکەی لە شێوازی ڕاستەوخۆ وە بۆ شێوازێکی ناڕاستەوخۆ چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا نیشتمانی ڕاستەقینە بوونی هەیە. ئەم گۆڕانکارییەشی لە پێناو وروژاندن و خوڵقاندنی پرسیار و مەسەلەکاندا بووە)) (کەریم و مەستی، ٢٠١٧: ١٠٥). ئەگەر بە جیا لەبارەی هەر یەک لەو وشانەوە بدوێین، کە ناونیشانی دەقەکەی لەسەر دامەزراندووە، دەبینین کاتێك شاعیر وشەی (ئێستا) بەکاردێنێت، کە وشەیەکی زەمەنییە دەلالەت لە زەمەنی ئێستای

ئامادە دەکات، بەڵام هزری خوێنەر بۆ پێش ئێستاش ڕادەکێشێت، کە زەمەنی ڕابردووی نا ئامادەیە و شاعیر حاشای لێدەکات، لە ژیان و ئەزموونی شیعری خۆی دەریدەکات، لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی زەمەنی (ئێستا) بووتە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان زەمەنی ڕابردوو و ئێستادا، کە لە ڕابردوودا نیشتیمان و خاک و نەتەوە مەعشوقە تاقانەکەی شاعیر بوون، بەڵام لە ئێستا بە دواوە (شێرکۆ) پشت لەم مەعشوقە دەکات، بەهۆی گەندەڵی و دیاردە ناشیرینییەکانی نیشتیمانەوە، کچێک دەکاتە نیشتیمان و مەعشوقی خۆی هەموو هیوا و ئارەزووەکانی لەسەر هەڵدەچنێت. هەروەها وشەی (کچێک) کە ئاماژەیە بۆ کەسێکی نەناسراو، هەرچەندە شاعیر لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا ناوی کچەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە (ڕۆزانا)ی نیشتیمانە، لەگەڵی دەکەوێت دیالۆگ و عەشقەوە، جیهانی شاعیر لە ڕەشبینییەوە بۆ جیهانێکی خەیاڵی و یۆتۆپی جوان دەگۆڕێت، زیاتر لە (٤٦) جار لە دیوانەکەیدا ناوی دەهێنێت کە ((کچێکی واقیعی نییە، بەڵکو دەمامکێکە بۆ شتە جوان و پیرۆزەکان کە پارادۆکسێک لەگەڵ سستمی گەندەڵیدا دروست دەکات)) (کەریم و مەستی، ٢٠١٧: ١٠٢- ١٠٣)، هەروەکو لەم دەقەدا شاعیر وەسفی ئەو کچە یۆتۆپییەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

کچێک هاتۆتە چاومەوەو لەگەڵ خۆیدا
هەندێ لە چوکڵەی ئەستێرەو هەندێ لە پرژەی گۆرانی و
هەندێ لە شنەی ئۆخژن و هەدادانی ئاواتێکی مەیلەو
سەوزی
بۆ هێناوم. کچێک هاتۆتە ڕۆحمەوە، نە فریشتەی
خواوەندێکەوە نە پەرییەکی ئاسمانە و نە حۆرییەکی
بەهەشتە. (بێکەس، ٢٠١١: ٢٠٢- ٢٠٣)

هەرچی وشەی (نیشتمان)ە مەدلولێکی شوێنی هەیە، لە ڕووی جوگرافییەوە گوزارشت لە پارچە زەویەک دەکات، کە گەل تێیدا نیشتەجێیە، بەڵام لەناو دەقی شیعریدا بە دەلالەتی جۆراوجۆر مەزرێنراوە، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، لەم دەقەدا نیشتیمان بەسەر دوو ئاراستەی پێچەوانەدا دابەشبووە، بە جۆرێک لە زەمەنی ڕابردوودا نیشتیمان لای تاکی کورد هێمایەکی پیرۆز و موقەدەسی هەبووە، لەم پێناوەدا تاک بەرخودانی کردووە و بە گیانی خۆی پارێزگاری لەم پیرۆزییە کردووە، هەر ئەم پیرۆزیەش وای لە (شێرکۆ) کردووە، لە ژیان و ئەزموونی شیعری خۆیدا نیشتیمان تاقە مەعشوق و یاری گیانی بە گیانی بێت، وەک مۆم بۆ خاک و نەتەوە بسووتێت، بەڵام لە زەمەنی ئێستادا نیشتیمان گوزارشت لە شتە ناشیرین و قێزەونەکان دەکات، بکەری سەرەکی ئەم ناشیرینکردنە دەم و چاوە بێزراوەکانی نیشتیمان خۆیەتی، کە وایان کردووە نیشتیمان، لە پیرۆزی و مەقەدەسییەوە ببێتە پارچە زەوییەکی بۆگەن و تاکی کورد قێزی لێبکاتەوە، بۆیە شاعیر بڕیار بدات پشتی تێبکات و (ڕۆزانا) بکات بە نیشتمان و ڕەمزی شیعر و پیرۆزییەکانی خۆی، هەروەک دەڵێت:

من ئێستا ڕۆزانا نیشتمانمە (بێکەس، ٢٠١١: ٢٢٤)

من هاووڵاتیەکی ڕۆزانای نیشتمانم (بێکەس، ٢٠١١: ٢٢٥)

لە بابەت دەستپێکی دەقەکەوە، کە بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی پێکهاتەی دەق سەیر دەکرێت، کاریگەری لەسەر کۆی دەقەکە هەیە؛ بۆیە زۆرێک لە توێژەران دوای ناونیشان بایەخی زۆر بە دەستپێک دەدەن، چونکە (هەمیشە کاری سەرەکی هەڵپاچینی دەقە و خستنەڕوویەتی بە شێوەیەکی چڕ، خوێنەر هاندەدات بۆ گەڕان بەناو فەزای گشتی دەقەکەدا، تا نهێنی و وەڵامی ڕستە سەرەتاییەکانی دەست بکەوێت) (واصل، ٢٠١٣: ١٤)، یاخود دەگوترێت گرنگی دەستپێک لەوەدایە کە (کاریگەری بەرچاوی لەسەر خوێنەر هەیە و بەرەو ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە ئاراستەی دەکات، ئەگەر دەستپێک تۆکمە و سەرکەوتوو بوو، ئەوا خوێنەر ناچار دەکات، تا کۆتایی لەگەڵ دەقەکەدا بڕوات، بە پێچەوانەشەوە دەستپێکی خراپ خوێنەر زوو

تووشــی مەلەل دەکــات، ناتوانێــت لەگەڵیـدا بەردەوام بێــت، هەتــا ئەگەر دەقەکەش بــاش بێــت) (خمري، ٢٠٠٧: ١١٥)، لەبەرئەوە مەزراندنی لایەنـی بـاش و خراپـی دەق لەسـەر دەسـتپێک هەڵدەچنرێت، مەرج نییە هەمـوو دەقـی ئەدەبـی دەسـتپێکێکی باشـی هەبێت، هەنـدێک دەق هەن دەستپێکیان خراپە، هەرچەندە ناوەڕۆکەکەشیان باش بێت، بۆیە نـاتوانن ببن بە دەقێکـی کامڵ و تەواو، چونکە یەکێک لە پایەکانی لەسەر بنەمایەکی لەرزۆک دامەزراوە. دەستپێک لە دەقدا دوو ئەرکــی گرنگــی هەیە، ئەوانــیش: (١- ڕاکێشــانی خــوێنەر و وەرگــرە بــۆ بــابەتەکە. ٢- ئامـاژەکردنێکی (التملـيح) ئاسـانە، بەوەی نـاوەڕۆکی دەقەکە چـی لەخۆگرتـووە) (بەرزنجـی، ٢٠٢٠: ٢٧). ئەگەر لەم ڕوانـگەیەوە بـڕوانینە دەسـتپێکی دەقـی (ئێسـتا کچێـک نیشـتمانمە)ی شاعیر دەبینین بەم شێوەیە دەستپێدەکات و دەڵێت:

وا هات، عاشقان!، وا خۆی هات.
بە پۆشاکی گەڵارێزانەوە.. وا هات!
بە نۆزدە ساڵی زەردەوە
بە نۆزدە چرای تاریک و
بە نۆزدە زامی سەوزەوە
لەگەڵ پەپوولە پاییزەی غەریباندا
بەڕێوەیەو.. دێت بۆ لاتان!. (بێکەس، ٢٠١١: ٥)

دەقەکە بە ڕسـتەی (وا هـات عاشـقان) دەسـتپێدەکات، کە ڕسـتەیەکی هەواڵییە، لەم ڕسـتەیەدا کاری (هات) ئامادەی هەیە، کە کارێکی ڕابردووە و پڕیەتی لە ژیان و گەشـە و زینـدوویەتی؛ بـۆیە زیـاد لە جارێـک دووبـارەی دەکـاتەوە، ئەمەش بەهـۆی ئەو لـێکەوتە دەروونییـەی لەسـەر خودی شاعیر و هاوشێوەکانی هەیەتی، ڕاستە بە پێوەری زەمەن (هات) ڕابردووە، بەڵام مانای ئێستا و ئایندەش دەگەیەنێت، شاعیر باس لە ئەزموونی (١٩) ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠١٠)دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ زەمەنـی نووسینی دەقەکە، بۆیە (شێرکۆ) لە شێوەی مرۆڤێکی شکست خواردوو ئەم فەترە زەمەنییە وێنا دەکات، ئەمەش بە بەڵگەی هەریەک لە دەستەواژەکانی (پۆشاکی گەڵارێزان، نۆزدە سـاڵی زەرد، نۆزدە زامـی سـەوز، نۆزدە چـرای تاریک، پەپوولەی پاییزەی غەریبان) کە ئەمانە سەرەڕای ئەوەی وروژاندنێکی ئیستەتیکییان بە دەقەکە بەخشـیوە، لەگەڵ ئەوەشـدا هەڵگـری مەدلـولی نێگەتـیڤن و نـوێنەرایەتی ئەو مەینەتـی و زامـانە دەکەن، کە شـاعیر دەیخاتەپـاڵ ئەو فەتـرە زەمەنیـیەی حکـومڕانی کـوردی، بە تـایبەت هەردوو ڕەنگــی (زەرد و ســەوز)، کە ئامــاژەن بــۆ (پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان و یەکێتــی نیشـتیمانی کوردسـتان) کە بە بـکەری سـەرەکی خوڵقانـدنی ئەم زامـانە وێنـاکراون، بەهـۆی ئەم ململانـێ و شـەڕ و شـۆڕەی لە نێوانیانـدا ڕوویـداوە کوردسـتانیان بەرەو وێرانەیـی و نەهـامەتی بردووە؛ بۆیە شاعیر دەستەواژەکانی (پۆشاکی گەڵارێزان، پەپـوولەی پـایزەی غەریبـان)ی وەک کاڵایەک بە باڵای ئەوە فەترە زەمەنییەی دەسەڵاتی کوردیدا درووییوە.

سەبارەت بە گونجانی دەستپێک لەگەڵ ناونیشانی دەقدا (هەندێک بۆچوون پێیانوایە، تا چەند دەستپێک ناتەبابێت لەگەڵ ناونیشاندا ئەوە جۆرێکە لە نوێگەری و خۆ ڕزگارکردنێکی هونەری شاعیرە لە باڵا دەستی ناونیشان، کە لە پێشدا خاڵی گرنگی شیعر بووە، کە دەستپێک و ناونیشان بەیەکەوە تەبابوون)، (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ٣٢- ٣٣)، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا ئەو ناتەباییە بەدی دەکرێـت، بەوەی شــاعیر لە ســەرەتاوە خــۆی بە ناونیشــانی دەقەکەوە نابەســتێتەوە و بە شێوەیەکی هونەری جوان خۆی لێ دەرباز دەکات، کە ئەمەش بە سیمایەکی نوێگەری شیعری هاوچەرخ دادەنرێت. لە بابەت ئەم دەقەشەوە، دەبینین ناونیشـانەکەی وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەقەکە ئامادەیی هەیە، بە مانایەکی دیکە ناونیشـان لەگەڵ دەقەکەدا تەبـایە، تەنهـا لەگەڵ دەسـتپێکی دەقەکە نەبێـت، وەک لە کـۆپلەی یەکەمـی دەقەکەدا دەردەکەوێـت ئەمەش یەکێکە لەو تازەگەرییانەی شاعیر لەم دەقەدا ئەنجامیداوە.

سەبارەت بە ڕەهەندە دەرەکییەکانی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) لەم دەقەدا، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین کاریگەری زۆریان لەسەر خودی شاعیر هەبووە، وەک فاکتەری سەرەکی لە دایکبوونی ئەم دەقە دادەنرێن، بۆ نموونە ڕەهەندی مێژوویی لە ئەزموونی شیعری (شێرکۆ بێکەس) بە گشتی و ئەم قەسیدەیە بە تایبەتی پشکی شێری بەرکەوتووە، دەکرێت بگوترێت (شێرکۆ) یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی، توانیویەتی سوود لە مێژووی نەتەوەکەمان وەربگرێت و ئەزموونی شیعری خۆی زیاتر پێ دەوڵەمەند بکات، ڕووداوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی هونەری بەرز لە دەقە شیعرەکانیدا تەوزیف بکات، کە دەکرێت لە یەک کاتدا وەک دەقێکی ئەدەبی و هەمیش وەک ڕوونکردنەوەی لایەنێکی تاریکی مێژوویی نەتەوەکەمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە (شێرکۆ بێکەس) لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەم سردە
هەر بۆنی قەڵای دم دم و ئەسپەکانی دوانزە سوارە و
بۆنی کەوای پاشا کۆرە و بۆنی تۆپەکەی
وەستا ڕەجەب و بۆنی کەڕووی سەدەکانی
ناوەڕاست و بۆنی قلیانی باپیر و
بۆنی ئەشکەوتەکەی هەزارمێردی لێدێ! (بێکەس، ٢٠١١: ٥٤)

کاتێک ئەم دەقە دەخوێنینەوە ئەگەر بە پاشخانێکی مێژوویی گۆشەنەکرابی، بە باشی لێی تێناگات و ناتوانێت پەیی بە واتایی تەواوی دەقەکە بەرێت، چونکە ڕووبەڕووی هەندێک وشە دەبێتەوە، کە بە زانیاری و مەعریفەیەکی مێژوویی ڕووپۆشکراوە، وەک (قەڵای دم دم، ئەسپەکانی دوانزە سوارە، پاشای کۆرە، تۆپەکەی وەستا ڕەجەب، ئەشکەوتی هەزارمێرد)، ئەمانە وایان کردووە، بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە ڕەخنەگری تەواوکاری پەنا بۆ میتۆدی مێژووی بەرێت و بگەڕێتەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان و چەند لاپەڕەیەک هەڵبداتەوە، بۆئەوەی کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقەکە دیاری بکات، بزانێت چین و کێن و چ ڕۆڵێکیان لە مێژووی نەتەوەکەماندا گێڕاوە، بۆ نموونە هەریەکە لە (قەڵای دم دم و ئەسپەکانی دوانزە سوارە) حەواڵەی ئەوەمان دەکەن، کە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی چەند سەدەیەک پێش ئێستا، (قەڵای دم دم) یەکێکە لەو قەڵایانەی لە هزری مێژووی تاکی کورددا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دۆڵی قاسملوو لەسەر شاخێک (خانی لەپزێرین) بنیادنراوە و کردویەتی بە ناوەندی دەسەڵاتەکەی و وەک بنکەیەکی سەربازی تۆکمە لەدژی هێرشی داگیرکاران بەکاریهێناوە. هەرچی (ئەسپەکانی دوانزە سوارە)شە دەمانباتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانی میر (ئەحمەدخانی بابان) کە لە (قەڵاچوالان)دا فەرمانڕەوایی میرنشینی بابانی کردووە، لەو سەردەمەدا (بەراز) لە ناوچە و دێهاتەکانی کوردستاندا زۆر بوون، بە جۆرێک ژیانی خەڵکییان هەراسان کردبوون، بۆ ئەم مەبەستە دوانزە سواری چاپووک و لێهاتوو بۆ لە ناوبردنی بەرازەکان دەنێرێت، لە گەرمەی ڕاوە (بەراز)دا ئەم سوارانە هەواڵی هێرشی (سەفەوی)یەکانیان بۆ سەر (قەڵای دم دم) پێدەگات؛ بۆیە واز لە ڕاوە بەراز دێنن و ڕاستەخۆ بۆ ڕێگری کردن لە هێرشی دوژمن بۆ سەر ئەم قەڵایە دەڕۆن، دوای شەڕێکی سەخت و چەند ڕۆژە توانیانیان دوژمن تێکبشکێنن و سەروەرییەکی مێژووی بۆ خۆیان نەتەوەکەیان تۆمار بکەن. هەریەکە لە (پاشای کۆرە و تۆپەکەی وەستا ڕەجەب)یش ئاماژەن بۆ دوو کەسایەتی مێژووی نەتەوەیی، کە (پاشای کۆرە) میری میرنشینی (سۆران) بووە، (وەستا ڕەجەب)یش یەکێک بووە لەو کارەکتەرانەی لەو میرنشینەدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، لەو کاتەدا (تۆپێک)ی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن دروستکردووە، کە بە داهێنانێکی گەورە دانراوە، (ئەشکەوتی هەزارمێرد)یش ئاماژەیە بۆ شوێنەوارێکی مێژوویی، کە دەکەوێتە پارێزگای (سلێمانی) لە باشوری کوردستاندا، دەرخەری ئاوەدانی و شارستانی باب و باپیرانمانە لە سەردەمانی زوودا، لێرەدا دوای گێڕانەوەی مێژووی ئەو کەسایەتی و ئاماژەکردن بەو

شـوێنانە بە باشـی لە واتـایی ڕاسـتەقینەی دەقەکە تێـدەگەین و دەتوانێـت لە ڕووی مێـژووییەوە شرۆڤەی بکات.

لە دەقێکی دیکە دا دەڵێت:

ڕۆژتان باش
من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردم و بە ئایین
مەسیحی. هەندێ کەس بە ""جۆرج""یش بانگم
دەکەن. ئیستە بێکارم. بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر
ساعوری تاقە کڵێساکەی ئەم شارە بووم. منی پشیلە
یان جۆرج، باپیرە هەرە گەورەم یەکێک بووە لە
پشیلە دەوڵەمەندو خێرخوازەکانی ناوماڵی کەریمی ئەلەکە.
ئەو باپیرە پشیلەیە، ئەوەندە پشیلە چاک و بەخشندە بووە.
لە گرانیە گەورەکەدا، نەیهێشتووە یەک پشیلەی هەژار
لەم شارەدا، لەبەر برسێتی بمیاوێنێ و هەموویانی
تێرکردووە. جا پشیلەی مەسیحی بووبن یان موسڵمان. (بێکەس، ٢٠١١: ٥٨-٥٩).

ئەگەر بەوردی سەرنجی دەقەکە بدەین ئەوە بە سـەردا دەسـەپێنێت، کە پێویستە لە ڕوانـگەی مێـژووییەوە شـرۆڤەی بکەیـت، لەبەرئەوەی دەقەکە هەڵگـری چەنـد وشـەیەکە پاشـخانێکی مێژوویيان هەیە، وەک (کەریمی عەلەکە و گرانیە گەورەکە) کە بە شێوەیەکی سـەرپێی خوێنەر ناتوانێت لێیان تێبگات، بۆ تێگەیشتنێکی باشتر پێویستە دەقەکە بە مێژووەوە پەیوەستی بکەین، ئەو کـات دەتـوانین لە کـارەکتەر و فەزایـی گشـتی دەقەکە تێـبگەین، دەزانـین، کە شـاعیر بـاس لە کەسێکی کوردی بە ئاین مەسیحی دەکات، بە نـاوی (کەریمی عەلەکە) کە کەسێکی ناسراوی شاری سلێمانی بووە، بە دەست و دڵ فراوانی ناوبـانگی دەرکردووە، یـارمەتی خەڵکی هەژاری شارەکەی داوە، لەبەر ئەم جوامێر و سەخاوەتییە (مەلیک محمود) لە حکومەتەکەیدا بە وەزیری دارایی داینـاوە، هەرچی (گرانیە گەورەکە)شـە دەمانبـاتەوە بۆ مێژووی سـەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان (١٩١٤- ١٩١٨)دا، کاتێک بەهۆی ئەم جەنـگەوە قاتوقڕییەکی زۆر جیهـان و کوردسـتانی گرتەوە، لەم کـاتەدا ئەم کـارەکتەرە (کەریمـی عەلەکە) هاوکـاری خەڵکی هەژار و برسی کردووە، خواردن و پێداویستی ژیانی بەسـەر خەڵکدا دابەشـکردووە، لێرەدا ئەم دەقەکە وەک دیکۆمێنتێک مێژووی ڕابردوومان بۆ دەگێڕتەوە سوود بە مێژووش دەگەیەنێت.

ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش یەکێکە لەوە ڕەهەندانەی کـاریگەری زۆری لەسـەر چەکەرەکردنی ئەم دەقە هەبــووە، لە دووتــوێی دەقەکەدا پانتــاییەکی باشــی داگیرکــردووە، لە زۆر جــێگەدا بەرخودمان دەبێت لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، چونکە ((ئەدەب بەرهەمـی کـۆمەڵایەتییە و ئەدیبیش لە دایکبـووی ژینگەکەیەتـی، کە لەنـاو باوەشـیدا گەشەی کردووە)) (طالب، ١٩٩٣: ١٧٣)؛ بۆیە کاتێک ئەم دەقە دەخوێنینەوە، بە ڕوونی هەست بەم دیــاردەیە دەکەیــت، لە لایەکــی دیــکەوە شــاعیر لە ڕێــگەی ئەم دەقەوە ڕەخــنە لە دیــاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، بە ئامانجی چاکسازی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، چونکە شاعیر بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگە هوشیار بکاتەوە و هانییـان بدات بـۆ کـاری چـاکە و دوورکەوتـنەوە لە کـاری خـراپ و ئەو دیـاردە ناشـیرینیانەی، کە دەبنەهـۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبەن. هەروەکو (شێرکۆ بێکەس) لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەی کۆترە شینکە نێرەکەی سەر شەقامی سەهۆڵەکە
وا گریمان داواشمکەی
وا ڕازیش بووی بەپێی ڕێنومایی
بەردەکانی شەریعەت و داری حەددیش تۆ من بێنی..!

- - - - - - - -

ئەوسایش من هەر بۆ تۆ نابم!
تۆ چیت هەیە؟!
تۆ هەر هەواو خۆڵت هەیە!
تۆ هەر زیوی مانگەشەوو

- - - - - - -

خانوویەکی خەونت هەیە!
بەڵام منارەکەی باوکم
زێڕو زیوی هەڵواسراوی
ئەو دیو جامخانە گەورەکەی
زەرنگەری ڕاستەقینەو
پارەو پولی زیندووی ئەوێ! (بێکەس، ٢٠١١: ٧٢- ٧٤)

کە سەرنج لەم دەقە دەدەیت زوو خۆی بە دەستەوە دەدات، چونکە شاعیر ڕەخنە لە دیاردەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت، کە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆشەویستی نێوان نێر و مێ و پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕوانگەیەکی مادديەوە سەیری دەکەن، خۆشبەختی کچ و نەوەکانیان لە مادده و سەروەت و ساماندا دەبینەوە، بە جۆرێک بەرامبەرەکەیان بە تەرازووی مادده هەڵدەسەنگێنن، نەک کەسێتی و مرۆڤایەتی؛ بۆیە کە کەسەکە ئەگەر هەموو مەرجەکانی هاوسەگیریشی تێدابێت، بەڵام ناتوانێت بەم خەونەی بگات، چونکە دیدی بەرامبەر بۆ سەروەت و سامان هەموو باشییەکانی ئەوی بێ بەها کردووە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەندین کەس ئارەزووەکانی ببێتە بڵقی سەرئاو و بە کەسی خەونەکانی نەگەن، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر بە ئەرکی خۆی دەزانێت، ڕەخنە لەم بۆچوونە ماتریالیزمەی ناو کۆمەڵ بگرێت و خەڵک هۆشیار بکاتەوە لەوەی بەکاڵاکردنی مرۆڤ و سیستەمی سەرمایەداری بە تەنها ناتوانێت خۆشبەختی بۆ تاک دابین بکات، لە لایەکی دیکەوە شاعیر بەرگرییەکی سەرسەختانە لە مافی ئافرەت دەکات، داوای ئازادی و سەربەستی بۆ دەکات، لە هەڵبژاردنی کەسی خەونەکانییان، پێیوایە دەبێت ئافرەت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، نەک باوک و براکانی، چونکە ئەمە پێشلکردنی مافی ئافرەتە، کە گرنگی بە کەسێتی و ئارەزووەکانی نادرێت؛ بۆیە ئەم دەقە وەک دیکۆمێنتێکی کۆمەڵایەتی خۆی وێنا دەکات.

لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

من ناوم (ئیرەیی)ە
کۆنترین هاوڵاتی ئەم نیشتمانەم
خۆشترین کاتی من ئەوەیە
هەموو کەسێ لە نوشوستیدا ببینم.

- - - - - - - - - - -

هەمان کاتیش
من کارخانەی درۆی مێژووییم
لە شێوەی مارکەی ڕاستەقینەدا

- - - - - - - - - - -

بریکاری یەکەمی ڕق و کینەم
نووسینگەکەم کەوتۆتە سەر جادەی تۆڵەو
قەڵەمەکانم هەموویان لەسەرەوە
دەم بە خەندەو
لە ژێرەوەیش یەکە یەکە
دەمی تەڵەن! (بێکەس، ٢٠١١: ٢٢٩-٢٣٠)

ئەم دەقەش مۆرکێکی کۆمەڵایەتی پێوەدیارە، ڕەخنەگری تەواوکاری ناچار دەکات، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە شرۆڤەی بکات، چونکە شاعیر بە هەمان شێوەی دەقەکەی دیکە ڕەخنە لە دیاردەیەکی تری کۆمەڵگا دەگرێت کە (ئیرەیی)ە، دەقەکە بە ڕووکەش دەقێکی سادەیە، بەڵام لە هەناوییدا دیاردەیەکی دواکەوتوو خۆی مەڵاسداوە، کە کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و بەشێک لە تاکەکان لەسەر شانۆی ژیاندا نمایندە و بەرجەستەکەری ئەم دیاردەیە دەکەن، بۆیە شاعیر لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێیەتی و دەرخستنی مەترسییەکانی دێت ئەم دیاردەیە دێنێتەگۆ و پرۆسەی بە مرۆڤکردن ئەنجام دەدات، لە پێناو هۆشیارکردنەوەی خەڵک و دوورکەوتنەوە لەم دیاردە ناشیرینە، کە سەرئەنجام ڕسوایی و کزی نەبێت هیچی دیکەی سەوز نابێت، لە پاڵ ئەمەشدا لە نێوان تاکەکاندا بکوژی خۆشەویستی و لێبووردەییە، هەروەها وەک کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ڕق و کینەیە پێشانی دەدات، هەر بەوە ناوەستێت بەڵکو وێنەی کەسانی لەم جۆرەشمان بۆ دەکێشێت، کاتێک دەڵێت: لەسەرەوە دەم بە خەندە و لە ژێرەوەیش یەکە یەکە دەمی تەڵەن.

کاتێک دێینە باسی ڕەهەندی دەروونی دەبینین یەکێکە لەو لایەنانەی لەم دەقەکەدا ئامادەیی زۆری هەیە، چونکە ئاشکرایە سەرچاوەی چەکەرەکردنی دەقی ئەدەبی دەروونی نووسەر و شاعیرانە، هەرئەمەش وای کردووە، کە بگوترێت (ئەدەب ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی نووسەرە)، چونکە ئەدەب وەک پنتێکی دەلالی لە قووڵایی ناخ و دەروونی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێت؛ بۆیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی دەقی ئەدەبی زادەی دەروونی ئاڵۆز و هەست و نەستی نووسەرەکەیەتی، چونکە هەر دیاردەیەک تا کار لە دەروونی نووسەر نەکات، ناتوانێت ببێتە دەقێکی داهێنەرانە، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بە چاوێکی ورد لەم دەقە بڕوانین، دەبینین (شێرکۆ) لە زەمەنی نووسینی دەقەکاندا لە بارێکی دەروونی شێواو و ناجێگیردا ژیاوە، ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە ماوەی (١٩) نۆزدە ساڵی حکومڕانی کوردییدا ڕوویانداوە کاریگەربووەپێیان، ئەمەش بۆشاییەکی دەروونی لای شاعیر دروستکردووە، هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت:

من خۆم ڕۆژ بووم
بەڵام پڕیان کردم لە شەو
من خۆم گۆمیلکەی نێرگز بووم
پڕیانکردم لە پیرێتی و
پووش و پەڵاش.
من بۆ خۆم ئێستە و ئایندەم
کەچی سواری مێژوویەکی کۆنیان کردم (بێکەس، ٢٠١١: ٢١)

کاتێک دەقەکە دەخوێنینەوە، بۆ لای ڕەهەندێک پەلکێشمان دەکات، کە جڵەوی دەقەکەی بە دەستە، ئەویش ڕەهەندی دەروونییە؛ بۆیە ناچارمان دەکات لە دەلاقەی میتۆدی دەروونییەوە لێی بڕوانین، چونکە شاعیر لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا دەروونێکی شڵەژا و ناجێگیری هەبووە، بەوەی لە نێوان دوالیزمی گەشبینی و ڕەشبینییدا لە هاتووچۆ دایە، جارێک (ڕۆژ)ە، جارێك (شەو)ە، جارێک (نێرگز)ە، جارێک (پووش و پەڵاش)ە، جارێک (ئێستە و ئایندە)یە، کە دەسەڵات و ڕۆژگاری خۆش و ناخۆش گوزارشت لەو گەشبینی و ڕەشبینییە دەکەن، کە لە پانتایی دەقەکدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها شاعیر بە ڕاناوی کەسی یەکەم (من، م) قسە دەکات، کە ڕاناوێکی زۆر لە دەقەکەدا ئامادەیە گوزارشت لە خودی شاعیر و هاوشێوەکانی دەکات، کە چۆن لە ناو دەروونێکی ناجێگیردا گینگڵ دەخۆن. لەهەمان کاتدا وشەکانی (شەو و ڕۆژ) لەناو دەقەکدا هەڵگری چەندین مەدلول و ئاماژەن، مدلولەکانی ڕۆژ وەک (گەشبینی، داهێنان، گەورەیی، عەقڵ، بیرکردنەوەی ئەرێنی، ڕووناکی، قوربانیدان، خەبات و شۆڕش،...)، کە ئەمانە لەخۆوە بەدەست نەهاتوون، بەڵکو بە هەوڵ و شەونخونی چەندین ساڵی شاعیر و هاوشێوەکانی بەدیهاتوون، کەچی دەسەڵاتی سیاسی و نیشتیمانی باوک نرخی ئەم کۆششانە نازانێت، لە ئەنجامدا خەون و ئارەزووەکانی شاعیر و هاوشێوەکانی بۆ ڕەشبینی و نائومێدی

سەردەكێشن، هەرچی (شەو)یشە هەڵگری چەندین مەدلولە وەک (ڕەشبینی، تاریكی، نەزانی، دوژمن، دەسەڵاتی ستەمكار، بچووكی، خەم وخەفەت،...)، كە ئەمانە تەواو پێچەوانەی مەدلولەكانی ڕۆژ دەوەستنەوە، سەبارەت بە (نێرگز) و (پووش و پەڵاش)یش هەمان شتە (كەریم و مەستی، ٢٠١٧: ١٤١- ١٤٢)، هەروەها بوونی (٦) كار لە دەقەكەدا گوزارشت لە دەروونی هەڵچوویی شاعیر دەكات و ئاماژەیە بۆ زیندوێتی و چالاكی دەقەكە و دەلالەتیشە بۆ ململانێی زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە لە دەقەكەدا؛ بۆیە ئەم دەقەكە ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ باری دەروونی ناجێگیری شاعیر و هاوشێوەكانی، دەكرێت وەک دەلالەت و پنتێكی دەروونی خوێندنەوە و شیكردنەوەی بۆ بكرێت. لە دەقێكی دیكەدا شاعیر دەڵێت:

من لە وڵاتی بێ وڵاتدا لەدایک بووم
لە دوكەڵدا چاوم پشكوت
لە دەست ڕێژدا گوێچكەكانم كرانەوە
بە دەم زریكەوە پێم گرت
هەرزەكاریم وەک ئاوی ترساو ئەڕۆیشت و
وەک گوڵێكی نادڵنیا شەوان ئەنووست
ئەوەی یەكەمجار بەیانیان ئەیوت: ڕۆژباش
برسێتی بوو
ئەوەی یەكەم جار شەوانیش ئەیوت شەوباش
ترس و بیم بوو! (بێكەس، ٢٠١١: ٢٧٨- ٢٧٩).

لەم دەقەشدا مۆركێكی دەروونی هەیە، چونكە هەستێكی نۆستالۆژی تێیدا زاڵە گوزارشت لە دەروونی هەڵچووی شاعیر و هاوشێوەكانی دەكات، بەوەی شاعیر لە سەرەتاوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆی و هاوشێوەكانی لەم وڵاتی بێ وڵاتە دەداتەوە، كە لە چ ژیانێكی ناخۆش و ئازاراوییدا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە، ئەمەش بۆشاییەكی دەروونی لای شاعیر و تاكەكان دروست كردووە و ئاماژە بۆ پرۆسەیەكی ڕوحی و دەروونی ئاڵۆزدا دەكات، كە تاكی كورد پێیدا تێپەڕیوە وەک لەم هێڵكارییە دا دەردەكەوێت.




هێڵكاری ژمارە

بە شێوەیەكی گشتی لە دایكبوونیش لە هەر شوێنكدا، وەک مردن ڕاستییەكی سروشتی و حەتمییە، كەس ناتوانێت قەدەری خۆی بگۆڕێت، هەر ئەوەیە كە خوای گەروە بۆی داناویت، لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ لە ئاست ئەم ڕاستییەدا بوونێكی پاسیف و بێ دەسەڵاتە، تەنها دەتوانێت

زوخاوی دڵ و دەروونی خۆی دەربیڕێت، جا لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە بێت، یان هەر شتێکی دیکەوە، وەک چۆن شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە دەربیڕیوە، لێرەدا (شێرکۆ) بەهەمان شێوەی دەقی پێشوو بە ڕاناوی کەسی یەکەم (م) قسە دەکات و لە دەقەکدا ئامادەییەکی زۆری هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی کۆی تاکەکانی کورد دەکات، وێنەی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری کوردمان بۆ دەکێشت، کە هەر لە دێر زەمانەوە لە ناو ئەم پرۆسەی بە ژیان بوونەدا دەژیت، بە جۆرێک لەگەڵ ترس و بیم و برسێتییدا بەردەوام لە بەرخورد دایە. هەروەها بوونی وشەی (دایک) لە دەقەدا دەلالەتە بۆ پێویستییەکی ڕوحی هەر تاکێک، بە شێوەیەک شاعیر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دیوانەکە زیاتر لە (٢٥) جار بەکاردێنێت، کە ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێویستییە ڕوحیەی تاک، پەیوەست بە (دایک) یاخود (نیشتیمان)ەوە، بوونی (١٠) کار لە دەقەدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە شاعیر لە زەمەنی نووسنی دەقەکەدا، لە دۆخێکی دەروونی هەڵچوو و دڵەڕاوکێ دا ژیاوە، هەریەک لە وشەکانی (دایک، زریکە، ترس و بیم، نادڵنیا) هێمای دەروونیین لە دەقەکەدا، کە وا دەکات خوێنەر وەک پنتێکی دەروونی دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم بکات و لەم ڕوانگەیەوە شرۆڤەی بکات.

هەموو ئەوانەی باسمان کردن زانیاری دەرەکی و سیاقی دەقەکەن، کە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشن بۆ چڕکردنەوەی پەیوەندی و ڕەهەندە ناوەکییەکانی دەقەکە، وایان کردووە گونجان و هەماهەنگییەکی باش لە نێوان دیوی دەرەوە و ناوەوەی دەقەکە دروست بێت، کە میتۆدی تەواوکاری کار دەکات بۆ گەیشتن بەو گونجانە و دەرخستن و ئاشکراکردنی؛ بۆیە کاتێک دێینەسەر باسکردنی پێکهاتەکانی ناوەوەی دەق دەبینین دەقەکە خاوەنی پەیکەر و پێکهاتەیەکی تۆکمەیە، شاعیر توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لە فاکتەرە دەرەکییەکان و تەکنیکەکانی ناوەوەی شیعر دەقێکی ناوازە بونیاد بنێت، بۆ نموونە کاتێک باس لە زمانی شیعری دەکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین شاعیر لە سەرەتای ئەزموونی شیعری خۆیەوە، هەر لە (تریفەی هەڵبەست)ەوە تا (خێراکە مردن خەریکە بگات)، کە دوا دیوانی شاعیرە، خاوەنی زمانێکی شیعری تایبەتە و جیاوازە لە شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، لەم ڕوانگەیەشەوە شیعرەکانی جیاوازی و باڵادەستی شاعیر پێشاندەدەن، هەروەکو بۆ خۆی لە شیعری (دوو زمان)دا دەڵێت:

جیاوازیی من و زۆر شاعیر هەر ئەوەیە
بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان
بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم
بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ
لە من دەگا !(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٥١)

سەبارەت بە زمانی شیعری لەم دەقەدا شاعیر توانیویەتی باڵادەستییەکی زۆر بنوێنێت، چەندین لادانی زمانی لە ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە، واتا)دا کردووە، کە لێرەدا ئیشی ئێمە نییە، لەسەر تەواوی لادانە زمانییەکان بوەستین، تەنها هەڵویستەیەک لەسەر ئەو جۆر لادانانە دەکەین، کە شاعیر لەم دەقەدا زۆر پەیڕەوی کردووە، بۆ نموونە لە ئاستی وشەدا شاعیر چەندین وشەی نوێ لەم دەقەکەدا بەکارهێناوە، بە جۆرێک لە ئەزموونی شیعری (شێرکۆ)دا یەکەمجارە بەرچاو دەکەون، کە لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەبارەیانەوە نووسیوە، ئەم دیاردەیە ئاماژەیە بۆ باڵادەستی شاعیر لە زمانی شیعرییدا، کە خاوەنی زمانێکی تایبەت و گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووی وشە و دەستەواژەی نوێیە، بە دیوێکی دیکەدا ئاماژەیە بۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی و شارەزایی شاعیر لە فەرهەنگی زمانی دایک بە هەموو شێوەزارەکانەوە. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

ئەچنە دەرێ بۆ ناو خەڵک و
<u>سلسار سلسار</u>
ئەڵێن ئێمە نەک عەدالەت

خودایەکی تازە داهاتووی ئەم وڵاتەین!.

- - - - - - - - - - - - - - - - - -

سارومارە.. سارومارە

ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینەو

بۆنی دەمی درۆکانی ئەم ڕۆژگارە! (بێکەس، ٢٠١١: ٣٣- ٣٤)

١- سلسار: بێشەرم، ٢- ساروماڕ: زۆر بۆگەن. (بێکەس، ٢٠١١: ٣٣).

شاعیر لە تەواوی دەقەکەدا (١٩) وشەی نوێی بەکارهێناون، وەک (بێواز، زماک، زیگار، تامار، هاقڵ، سلسار، سارومار، گەرگەسان، ساعور، لەژم، ساتوور، کادانە، گوردەم، پاسفندە، زشت، پیفو، گەڤار، سخار، سارستە)، بۆ هەریەکێک لە وشەکانیش لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی پێیداون. بڕوانە: (شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێک نیشتمانمە، ٢٠١١).

هەروەها لە ئاستی واتادا لادانێک بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەقەکەدا بەدی دەکرێت ئەویش (مرۆڤکردن"انسنة الجماد" )، کە بەخشینی سیفاتی مرۆڤە بە شتێک، کە مرۆڤ نییە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

ڕۆژێ کورتە چیرۆکێکی بێکار

لەناو پارکی ئازادیدا

"نیشتمان"ی لەگەڵ ژنی سێهەمیا دی

کورتە چیرۆک زۆر دەمێک بوو

وشەی پەنگی ئەخواردەوەو

بووبوو بە دەریاچە سەری. (بێکەس، ٢٠١١: ١٣٩)

- - - - - - - - - - - -

لێرەدا بوو

نیشتمان تووڕە بوو دەمی کەفی کرد.

نیشتمان شێت بوو قژی خۆی ڕنیەوە. (بێکەس، ٢٠١١: ١٢٢)

لەم دوو کۆپلەیەدا، شاعیر سیفەت و تایبەتمەندیی مرۆڤی بە کورتە چیرۆک و نیشتمان بەخشیووە، چونکە هەریەکە لە سیفەتەکانی (بێکاری، دیتن، سەر، تووڕە بوون، دەم، شێت بوون، قژ) تایبەتن بە مرۆڤ، بەڵام شاعیر داونیەتە پاڵ کەرەستەی دیکە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری (شێرکۆ) لەم دەقەدا، قسەکردنە لەسەر زاری شتە بێ گیان و گیاندار و باڵندەکان، واتە شاعیر لە ڕێگەی ئەو توانا زمانییەی هەیەتی، هەموو شتێک دێنێتەگۆ و دەیانکاتە هۆکارێک بۆ دەربڕینی نارەزایی و ئازار و مەینەتییەکانی تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا و بە گوێی نیشتمان و دەسەڵاتی سیاسییدا دەدات، ئاستی نارەزایەتییەکانی بە جۆرێک بەرز دەکاتەوە، کە نەک مرۆڤ، بەڵکو دار و بەرد و دیوار و باڵندە و تەنانەت گوارەی گوێی ژنانیش دێنێتە قسە، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((هەوڵمداوە لەم دەقەدا پەنا بەرمەوە بەر (بە مرۆڤکردنی شتەکان، شتە بێ گیانەکان)، هەوڵمداوە دەرخت بدوێ، دیوار، کێڵگە، باڵدار، بوولبوول، کیسەڵ، مەترەی ئەرز پێوان و هەموو ئەو شتانەی دەروبەرمان ئەوانیش بێزاری خۆیان دەربڕن)) (بێکەس، ٢٠١١: ٣٣٠).

بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

من ناوم "بولبول"ە

خەڵکی ئەم باخچەیەم (بێکەس، ٢٠١١: ١٥)

من ناوم "مەترە"یە

مەترەی ئەرز پێوان (بێکەس، ٢٠١١: ١٩)

من ناوم عەدالەتە

لەسەر زەمین چاوێکی خواو
دەستێکی خوام (بێکەس، ٢٠١١: ٣١)
چەندین دیاردەی لەم چەشنە لە دەقەکەدا دەبینرێت.[1]

کاتێک لە ڕوانگەی سەنتەری دەق (چەقێتی)یەوە دەڕوانیتە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس)، کە یەکێکە لە پرانسیپە گرنگەکانی میتۆدی هەڵوەشانەوەگەرایی، دەبینین دەقەکانی شاعیر لەم دیوانەدا، لە هەندێک شوێندا سەنتەر تێیاندا سەقامگیر و پارێزراوە، بەڵام لە هەندێک شوێنی تردا سەنتەر سەقامگیر نییە، وەک بزاوتێکی جیوەیی لە گەشت و هاوتووچۆ دایە، هەروەک لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەم نیشتمانە نیوەڕوان کە ئەیبینی
خۆیمان لێ دەکا بە "گاندی" و
لە شەویشدا "بۆکاسا"یەو
بە بەیانیان سۆفییەکی نوورانیەو
ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاج)ی
لەبەر دایە! (بێکەس، ٢٠١١: ١٥٩)

دەبینین دەقەکە مەیدانی پێکدادان و ناتەبایی و ڕێک نەکەوتنە، نەک گونجان و ڕێککەوتن، لەم دەقەدا سەنتەر وەک بزاوتێکی جیوەیی دەردەکەوێت و جێگیر نییە، لەم سەر بۆ ئەو سەری دەقەکە لە گەشت و گەڕان دایە، جارێک (گاندی)یە، جارێک (بۆکاسا)یە، جارێکیتر (سۆفییەکی نوورانی)یە، یاخود (بارق و حەجاج)ە، بۆیە بەپێی ئەم پرانسیپەی هەڵوەشانەوەگەرایی دەقەکە بونیادێکی دیاریکراو و جێگیری نییە، خۆی لە سەنتەرگەرایی دوورخستۆتەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت.




لە دەقێکی تردا دەڵێت:

لەم ڕۆژژمێرەی ئێستەدا
سەعات لە ڕۆژ
هەفتە لە مانگ
مانگیش لە ساڵ وەڕس بووە!
من لە خۆمدا لەناو خۆمدا
ڕەنگم لە دەنگم بێزارەو
دەنگم لە بۆنم بێزارە! (بێکەس، ٢٠١١: ١٠)

ئەم دەقە سەنتەرەکەی سەقامگیرە، بە پێچەوانەی دەقەکەی پێشوو، کە خۆی لە وشەی (بێزاری)دا دەبینێتەوە، واتە لێرەدا سەنتەر نەگۆڕە و پارێزراوە، دژ بە یەکێک لە پرانسیپەکانی میتۆدی هەڵوەشانەوەگەراییە، کە ئەم میتۆدە جەخت لەسەر فرە سەنتەریزم دەکاتەوە، پێیوایە نابێت دەق سەنتەرێکی جێگیر و سەقامگیری هەبێت.

لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتن و چەمکی ئاسۆیی چاوەڕوانییەوە، کە لە دەقەکانی ئەم دیوانە ورد دەبییەوە، دەردەکەوێت زۆرێک لە دەقەکانی بوار بۆ فرە خوێندنەوە و واتایی جیاواز

---

[1] . بڕوانە: لاپەڕەکانی (٣٦، ٣٩، ٤٥، ٥٠، ٥٨، ٦٣، ٦٧، ٧٠، ٧٤، ٧٩، ٨٠، ٨٢، ٩٥، ١١٢، ١١٦، ١١٩، ١٢٦،...).

دەرەخسێنن، کە خوێنەر بە پێی پاشخانی ڕۆشنبیری خۆی دەتوانێت زیاتر لە خوێندنەوە و شرۆڤەیەکیان بۆ بکات، چونکە ئەم تیۆرە ئازادی ڕەها بە خوێنەر دەدات وەک بکەرێکی کارا، کە زیندوێتی بە دەق دەبەخشێت، لە هەمان کاتدا یەک خوێندنەوە و یەک واتایی دیار و ئامادە ڕەتدەکاتەوە، جەخت لەسەر فرە واتایی دەق دەکاتەوە، پێیوایە بە پێی کات و سەردەم و پاشخانی ڕۆشنبیری خوێنەر، خوێندنەوەی بێ کۆتا دێتە ئاراوە، واتە دەق لە چوارچێوەی تاک واتاییدا قەتیس ناکرێت و زیاتر لە واتایەک بەدەستەوە دەدات. بۆ نموونە ئەم دەقە دەتوانرێت لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، کاتێک شاعیر دەڵێت:

ئەم کاتەت باش!
من ناوم گوڵی دار هەرمێیە
بەڵام وەک ئەبینن ڕەشیان کردووم
ئەم نیشتمانە ڕقی لە ڕەنگی سپییە.
هەر لە دوای گەشانەوەم
دووکەڵێکیان هێناو بە زۆر کردیان بە هاوسەرم. (بێکەس، ٢٠١١: ٦٧)

کاتێک بە پێی تیۆری وەرگرتن لەم دەقە دەڕوانیت، هەڵگری چەند واتاییەکی جیاوازە، دەکرێت لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زیاتر لە واتا و خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، چونکە دالەکانی ئاماژەن بۆ چەند مەدلوولی جۆراوجۆر، بۆ نموونە (گوڵی دار هەرمێ) زۆر مانا لەخۆ دەگرێت، لەوانە (جوانی، پاکێتی، خۆشەویستی، ژیان، تەبایی...) ڕەنگی ڕەش ئەم واتایەنە دەگەیەنێت (شەڕ، مردن، نەزانی، تاریکی، خەمۆکی...) ڕەنگی سپییش واتای (ئاشتی، پاکی، بێ تاوانی، ئازادی،...) هەیە، هەرچی نیشتیمانیشە حەواڵەی چەند مەدلولێکمان دەکات، دەکرێت نیشتیمان (کەسێک، دەسەڵاتێکی دیاریکراو، باردۆخی سیاسی، باوک، دەسەڵاتی خێڵەکی،...)بێت، بەڵام نزیکترین واتا لەم دەقدا شاعیر و خودە هاوشێوەکانیەتی، کاتێک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەمامکی (گوڵی دار هەرمێ)وە، پەنا بۆ سروشتێکی جیاواز لە سروشتی خۆی دەبات، لە ڕێگەی زمانێکی خوازەییەوە کوڵی دڵی خۆی دەر دەبڕێت، بەرامبەر بە هێزی دەسەڵات، چونکە دەسەڵاتی سیاسی و کارەکتەرەکانی بەهۆی شەڕ و گەندەڵی و نەبوونی ئازادی و یەکتر قبوڵکردن، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان کردووە بە شەوی ئەنگوستە چاو، لەپێناو بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان ڕەش دەکەنە سپی و تاوانبار بە بێ تاوان بە پێچەوانەشەوە، خاوەن ماڵ دەکەن بە دز و دز دەکەن بە خاوەن ماڵ، بەمەش کۆمەڵگا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەکدا دابەش دەبێت ئەوانیش، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، یاخود چاکە و خراپەیە، لە دەقەکەشدا هەردوو ڕەنگی (ڕەش و سپی) دوانەی دژیەکن و حوکمی دەقەکە دەکەن، نەک لەم دەقەدا، بەڵکو کۆی دیوانەکە بەسەر ئەم دوو بەرەیە دابەش بووە؛ بۆیە کاتێک شاعیر و خودە هاوشێوەکانی بە ڕێگەی ئاشتی و عەقڵانییەوە بیانەوێت ئەو واقیعە بگۆڕن، لەلایەن هێزی دەسەڵاتەوە، هەوڵی بە ئەهەیمەن و ناشیرین کردنیان دەدرێت، بۆئەوەی خۆیان لە ئێستا و ئایندەدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی ڕەها و بیرکردنەوە و بڕیارەکان بن و درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆی کایە سیاسی و ڕۆشنبیری و دادوەری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەخنە خزمەتی خۆیان، لەم ڕێگەیەوە تیرۆری هزری و جەستەیی درێژە پێدەدەن، هەر تروسکە و ئاسۆییەکی ڕووناک هەبێت خەفەی دەکەن و کۆمەڵگا لە دۆخێکی کپ و چەقبەستوودا دەهێڵنەوە. لە دەقێکی تردا (شێرکۆ) دەڵێت:

«بولبولێکی دەربەدەری وڵاتان.
کوڕی بەستەیەکی شەهید. بەستەیەکی لەبیرکراو
دوای چەندین ساڵ گەڕایەوە بۆ شارەکەی..
ویستی بچێتە سەر گۆڕی باوکی و تێر تێر
بە دەم گریانەوە بچرێت، وەلێ هەرچەند گەڕاو

هەرچەند پرسی و چووە لای نیشتمان و چووە لای
سروودەکان و بەڵام گۆڕی باوکی بۆ نەدۆزرایەوە.
هەتا ڕۆژێ لە مەراقدا، ئەویش لەسەر گۆڕی
نەناسراوێ، ناکام مردا!» (بێکەس، ٢٠١١: ١٤٥)

لەم دەقەدا بولبوول هەڵگری چەندین واتا و مەدلوولە، لەوانە: (جوانی، پاکی، دەنگۆشی، بێوەیی، ژیان، ئاوارەیی، دابڕان، تاراوگە...) سەرەڕای ئەو واتایانە، بەڵام واتای سەرەکی و نزیک شاعیر و هاوشێوەکانییەتی، کاتێک لە ژێر ناو و دەمامکی بولبوولدا ڕووی ڕاستەقینەی نیشتیمانی باوک و دەسەڵاتی سیاسی وەک زێرابێکی پیس و بۆگەن هەڵدەداتەوە، کە چۆن لە ڕێگەی سیاسەتی کۆنەپارێز و یەکتر سڕینەوە و گەندەڵی و شەڕی براکوژی، شاعیر و هاوشێوەکانی سەری خۆیان هەڵدەگرن و بە ئێستاشەوە، بە ڕێگەی مەرگدا ڕوو لە تاراوگە دەکەن، کەواتە بولبول یەکسانە بە شاعیر و تاکەکانی تر، سەرئەنجام دوای چەندین ساڵ تاسەی دووری نیشتیمان و ئاگری ناخ هەڵیان دەگرێت، سەرێک لە نیشتیمان دەدەنەوە، کەچی لە نیشتیمانی کلۆردا هیچ شتێک لە جێگەی خۆی نەماوە، جوگرافیای سیاسی وڵات و خوێن و گڵکۆی شەهیدان بەسەر دوو ڕەنگی سەرەکییدا دابەش بووە، بە جۆرێک ئەو ڕەنگانە حوکمی گڵکۆ و کلێی شەهیدانیش دەکەن، کە لە دەنگ و ڕەنگی ئەوان نەبێت، دەیسڕنەوە، کارێکیان کردووە تەنانەت خزم و کەسەکانیان سۆراغی گۆڕییان نەزانن؛ بۆیە بولبول (شاعیر و هاوشێوەکانی) تەواو بێزار دەبن، لەو سروشتە و هەڵسوکەوتی هێزی دەسەڵات بەرامبەریان، لە ئەنجامدا دوای بێ ئومێدیەکی قووڵ و دووری لە نیشتیمان لەسەر گۆڕ و نیشتیمانێکی دیکەدا بە ناکامی سەری خۆیان دەنێنەوە، خاک و ئاو و هەوای زێدی باب و باپیرانی نابێتە دوا وێسگە و کەناری ئارامی بۆیان.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئاسۆیی چاوەڕوانیشەوە، بڕوانینە ئەم دەقانەی سەرەوە، دەبینین ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکان ئاسۆیی چاوەڕوانی خوێنەری باوخواز تووشی نائومێدی و سەرسوڕمان دەکات، چونکە ئەگەر خوێنەرێک ئاشنای شیعری کلاسیک و نوێی کوردی بێت، لە جیاتی ئەزموونی شیعری گۆشکراوی شیعری کێش و سەروای کلاسیک، یان پەنجەی خۆماڵی بێت، ئەوە ئەم دوو دەقەی شاعیر وەڵامی چاوەڕوانییەکانی نادەنەوە و تووشی مەلەلی دەکەن، چونکە جیاوک و ئاسۆیەکەیان حەز و ئارەزووەکانی ئەو تێر ناکات، پابەندی یەک جۆرە کێش و سەروا نییە، وێنە شیعرەکانیشی سنووری باوی وێنە ڕەوانبێژییە کۆنەکانی بەزاندووە، ناوەڕۆکی شیعرەکەش کودەتایەکە بەسەر ئەزموونی زیاتر لە نیو سەدەی شاعیر، چونکە پێشتر نیشتیمان و بابەتە نەتەوەییەکان لە شیعری (شێرکۆ)دا پیرۆز و موقەدەس بوون، بە پێچەوانەی ئەم دەقانە، کەواتە لێرەدا ئاسۆیی چاوەڕوانی دەقەکان لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەم جۆرە خوێنەرەدا ناگۆنجێت، هەتا ناونیشانی دیوانەکەش (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری باوخواز ناتەبایییە، چونکە هێشتاش نیشتیمان لای ئەو پیرۆز و موقەدەسە؛ بۆیە بۆشایی و کەلەنێک دەکەوێتە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی ئەوی خوێنەر و  ئاسۆی دەقەکانی شاعیر، بەڵام کاتێک خوێنەرێکی هۆشیار، کە بە ئەزموونی پۆست مۆدێرنیزم و شیعری هاوچەرخ گۆشکرابێت، ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکە دەگۆڕێت و وەرچەرخانێک لە ئاسۆکەیدا ڕوودەدات، سەرئەنجام ئەم جۆرە ئاسۆییە قبووڵ دەکات لەگەڵ یەکتریدا گونجاو و تەبا دەبن. لە کۆتاییشدا ئەم خوێندنەوەیە دوا خوێندنەوە نابێت، بە گۆڕانی کات و شوێن و پاشخانی ڕۆشنبیری خوێنەر فرە خوێندنەوە دێتە ئاراوە، دەکرێت پەی بە واتایەک ببرێت کە خوێنەر پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە.

بە گشتی دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە میتۆدی تەواوکاری بە سوود وەرگرتن لە میتۆدە (دەرەکی و ناوەکی)یەکان، کاریگەری باشی لەسەر دەرخستن و ڕۆشنکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی و خستەڕووی ئیستەتیکی و جوانییەکەی هەیە، چونکە ئەم میتۆدە توانیویەتی بە کۆکردنەوەی میتۆدە جیاوازەکان پانتاییەکی باش لە دەقی ئەدەبییدا، بە بەراورد بە

تــاک میتۆدەکــان بخــاتە بەربــاس و تــوێژینەوە، دەقــی ئەدەبــی وەک یەکەیەکــی یەکگرتــوو و هەمەلایەن سەیر دەکات، لەم ڕێگەیەوە تاڕادەیەکی باش کۆنترۆڵی دەق دەکات و نزیک دەبێتەوە لە کردنەوەی سەرجەم کۆد و ئاماژەکانی ناو دەق و گەیشتن بە مانای تەواوی بڕگەکان.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، لەوانە:

١- ناونیشـانێکی تـازە و سەرنجڕاکێشـە و کلیلـی دەقەکە پێکدێنێت، وەک تارمـاییەک لەسـەراپای دەقەکەدا بەدی دەکرێت، ناوەڕۆک دیالۆگ لەگەڵ ناونیشان دەکات و لە چوارچێوەی ئەم پرسـەدا دەسووڕێتەوە، کە شاعیر لە ناونیشانەوە وروژاندوویەتی، وشەکانی ناونیشان هەڵگری پاشـخانی هزرین، ئاماژە و کۆدێکن خوێنەر دەخانە حاڵەتی تێڕامـانی قووڵەوە و کۆی ئەزمـوونی شـاعیر دەکەوێـتە ژێـر پرسـیارەوە، وای لێـدەکات لەگەڵ لە نـاوەڕۆکی دەقەکە بەردەوام بێـت، تـا لەم ڕێگەیەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی دەست بکەوێت.

٢- دەســتپێک لەگەڵ ناونیشــانی دەقەکە ناتەبــایە، شــاعیر لە دەســتپێکی دەقەکەیــدا خــۆی بە ناونیشانەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی هونەری جوان خـۆی لـێ دەربـاز کـردووە، ئەمە یەکێکە لەو تازەگەرییانەی شاعیر لەم دەقەدا ئەنجامیداوە،

٣- ڕەهەندی مێژویـی لە دیوانەکەدا زاڵە، بەشێک لە دەقەکـانی مـۆرکی مێژوویـیان پێوە دیـارە، واتە شـاعیر سـوودی لە ڕووداوە مێژووییەکـان وەرگرتـووە لە شیعرەکانیدا مەزرانـدوونی، بەم پێیەش دەقاکان هەم شیعرن و هەمیش وەک دیکۆمێنت و بەڵگەیەکی مێژووی دەردەکەون.

٤- ڕەهەنـدی کـۆمەڵایەتی لەم دەقەدا وەک کـایەکی گرنگـی ژیـانی تـاکی کـورد کـاری لەسـەر کراوە، ئامانج و پەیامی شاعیر هۆشیارکردنەوە و چاکسازی کۆمەڵایەتییە، دوورکەوتنەوەیە لەو شتانەی دەبنەهۆی تێکدانی یەکڕیزی کۆمەڵگای کوردی.

٥- شێرکۆ لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا لە بارێکی دەروونی شێواو و نـاجێگیردا ژیـاوە و زۆر بەو ڕووداو و پێشــهاتانەی لە مــاوەی (١٩) نــۆزدە ســاڵی حکــومڕانی کوردییــدا ڕوویانــداوە کاریگەربووە، جێکەوتی دەروونی قوڵیان لەسەر هەست و نەستی شاعیر بەجێهێشتووە.

٦- دەقەکە زمانێکی شیعری باڵای هەیە، چەندین لادانی زمانی لە هەموو ئاستەکاندا تێیدا بەدی دەکرێت، لایەنێکی تری زمانی شیعری ئەوەیە، هەموو شتێک دێنتەگۆ بە گیاندار و بـێ گیـان و باڵندەکانەوە، لەسەر زاری ئەوانەوە مەینەت و ئازارەکانی تاکی کورد بە گوێی دەسەڵاتی سیاسی دەدات.

٧- سەنتەری دەق لەم دیوانەدا لە هەندێک دەقدا سەقامگیری و پارێزراوە، لە هەندێک دەقی تردا وەک بزاوتێکی جیوەیی دەردەکەوێت و لە هاتووچۆدایە، واتە لە حاڵەتێکی فرە سـەنتەریزمیان هەیە.

٨- بە پێـی تیـۆری وەرگـرتن بەشـێکی زۆری دەقەکـانی ئەم دیـوانە زیـاتر لە خوێنـدنەوەیەک هەڵدەگرن و ئاسۆی چاوەڕوانییان لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری باوخواز ناگۆنجێت.

**Listy Sarchawakan:**

**Frist: ba zmani kurdi:**

**A- Kteb:**

-Barzinji, Ali Tahir (2020) *Asoy Daq*, Chappy yakam, Sulaymaniyah: Chapkhani Eva,.

- Bekas, Sherko (2009) *Diwani Sherko Bekas*, Bargy 5 of Sweden.

-----------.(2011), *Esta kchek Nistimanma* "daqy walla", Chappy yakam, Sulaymaniyah: dazgay Chap u pakhshi sardm,.

-Karim, Zaher Latif and Masti, Nyan Nawshirwan (2017), fra khwendnaway la daqy (Esta kchek nishtimanma)y Sherko Bekas, Lekolinawayaky twekarya, Chappy yakam .

-Rashid, Fuad (2018) *Methodology and Raxnay Adabi Kurdi*, Chappy yakam Erbil: ., Chapxanay Roshnbire,

-Rauf, Loqman (2016) *Daqy Kurdi la Rwangay Symologyawa Perspective (1950-1975) krmanji khwarw*, Chapkhanay hamdi, la blawkrawakani dazgay idea bo fkr u lekolinawa.

-Mohammed, Masoud (2016) *Zarawasazy Pewana,Nawandi Awer bo chap u blawkrdnawa*, Erbil: Chpkhanay Rozhhalat.

**B- Name Academy:**

-Qadir, Rebin Khalil (2009) "Methodi Rkhnay tawawkari la Rakhnay adaby kurdida hardu ktebi (Shihr u adabayati kurdi) u (Karwani Shihri new kurdi) ba nmuna", Zankoy Salahadin- Zman College, Erbil.

**C- Farhang ba Zmani Kurdi:**

-Rouhani, Mohammed Majid Mardokh (2018),*Farhangy Zanstgay Kurdistan* bargy yakam (A-g) u bargy seyam (S-K), Pakhshangay Zansgay Kurdistan, Sinai.

**Fifth: Chawpekawtn:**

-Qaradakhy, Ata (2021) *Chawpekawtn*, Radio Politic, la barnamay (Sohrab faroq), Barwari 15/4.

**Second: be Zmani Arabic:**

**A- Kteb:**

-Abdulla, Adnan Khaled (1986) *An-Naqd ut-Tatbiqie it-Tahlili*. Baghdad.

-Al-Basri, Abdul Jabbar Daoud (1970) *Al-Adab ut-Takamuli*, Baghdad:. Wazart alsaqafa walihlam Mudiriat alsaqafa alhama,silsilat alkteb adis (32) Matbhat aljmhuriat,

-Al-Qarni, Mohammed bin Sa'id Nasser (1435-1436 Ah) *Manahij ul-Bahth fil Adab*, Mecca: University of Omm ul-Qura

-Amer, Magloof (2017) *Manahij Naqdia*: Montashiat alwatn alyawm.

-Atiq, Abdel-Aziz (1972) *Fin Nnaq il-Aadabi* ,Dar alnazhat Arabia, Beirut- Lebanon.

-Hyman, Stanley,*An-Naqd ul-Adabie wal Madrast ul-Haditha*, (trans. Dr. Ihsan Abbas and Dr. Mohammed Youssef Najm),Dar alfkr alarabic, Cairo.

-Khumri, Hassin (2007) Alnazariat alnas min baniat almahany ela simaiat aldal, alatabh awal,aldar alarabiat lilhlum nashiron- montasharat ekhtilaf, Algeria.

-Maan, Mushtaq Abbas (2005) *An-Naqd ul-Adabie ul-Hadith (Mahadharat fil Nadhariat wal Manhaj)*, Altabh awal, Sana'a-Al-Ayman.

-Shakiri, Gali (1994) *Alnaqd walhadatha alsharidat*, Cairo:Matba'a auHai't ul-Misria al'Aama lil-kitab.

-Talib, Omar Mohammed (1993) *Al-Mathahib ul-Naqdiat Dirasatun wa Tadbiq*, Mosul:dar alkteb liltabaht walnashr

-Yafi, Naim (1997) *atiaf alwajh il-wahida (diraast naqdiat fil alnzariat waltadbiq)*, alatabh awal, Matbah etihad alktab alrabic, Dimashq.

-Zaky, Ahmed (1972) *an-Naqd ul-Adabie il-Hadith* (*al-Osul wal Ittijahat*) airo: Al-Hai'at il-Misriat ul-'Aam lil-Kitab.

-Wassel, Essam (2013) *Fee tahlil alkhitab ash-shi'ri, Dirasat Simaiat*, Algeria: Dar al-Tanweerer.

**B- Farhang ba Zmani Arabic:**

-Alnoraji, Ahmad Khurshid (1990) *Mafahim fe Alfalsafat wal Ijtima'*, Bagdad:Dar Alsho'un ath-Thaqafia al'Ama,

-Razuk, Assaad (1987) *Mausu'at Ilm an-Nafs*, Beirut: Almo'sssasat ul-Arabiatu lid Dirasati wan-Nashr,

-Saliba, Gemel (1982) *Almo'jam al-Falsafi* (Arabic, French, Incalcitrant and Latino), Beirut: Dar al-Kitab.

**C. Rozhnama ba Zmani Arabic:**

-Akram, Ayad Kramer (2017) Almanhaj altakamuli-Dirast almafhum walijrah,Lark Philosophy wallisaniat wal hlum alijtimahiat, Mujalat fasliat mahkamat tadris han kuliat adab- jamihat wast, alhadad khamisa walhashrin.

-Hinioni, Ramadan (2014) Almanhaj ltkamuli fee alnaqadl adaby: Hal yaslah badila han zaiq almanhaj alwahid? Mujalat ishkalat, Dawr nsfal sanawit mahkamat/Almarkaz alajamihy litamankhst,Alhadad 4, February, Algeria.

**Third: ba Zmani English:**

A- Dictionaries:

- Farah et al., The Dictionary English- Arabic (2004) 1st ed, Dar Al-kotob Al-ilmiyah, Beirut- Lebanon.
- Longman Dictionary of Contemporary English 6. (2014). 6th ed. Edinburgh: Pearson Education Limited.

**Fourt: Sarchaway Aliktroni:**

- Hilm alnafs altakamuli, Almahrifat, Alrabt: <https://www.marefa.org/%D8%B9%D9%84%D9%85_%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B3_%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%83%D8%A7%D9%85%D9%84%D9%8A< [Barwar:28/11/2020].
- Malak, Akram (2014) Alnaqd altakamuli, Alrabt: >https:/ /www. djelfa.info/vb/archive/index.php/t-1723247.htm> [Barwar: 2/12/2021].